دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٤٩، یەکشەممە ١٥ی بانەمەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٥ی مەی ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com

بەیانییەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار ٢

شاندێکی حیزبی دێموکرات سەردانی بەرەی تورکمانی عێراقی کرد ٢

دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات کۆبوونەوەیەکی بەڕێوە برد ٣

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شارەکانی... ٤

تیرۆ بە تامی فوتباڵ ٦

مافیابوونی ڕێکخراوی تێرۆریستی سپای پاسداران... ٨

دوا ڕەوشی ئابووریی ئێران لە... ١٠









# کاربەدەستانی ڕێژیم، تێرۆریستانی بەئەزموونن




٣٢یەمین پیشانگای نێونەتەوەیی کتێبی تاران لە ڕێکەوتی ٤ تا ١٤ی بانەمەڕ لە تاران بەڕێوەچوو؛ لە پەراوێزی ئەم پێشانگایەدا بەڕێوەبەرانی پێشانگاکە کە ڕوونە بە فیلتێری تایبەتی وەزارەتی ئیتلاعات و نیهادە بڕواپێکراوەکانی بەیتی ڕێبەری دانراون هەوڵی خەوشدارکردنی ناو و کەسایەتی ڕێبەرانی گەلی کورد و لەسەرووی هەمووان دوکتوور قاسملوویان داوە.

لە میانەی ئەم بەناوپێشانگایەدا بەنێرێکی لێوانلێو لە شەرمەزاری بۆ ڕێژیمی تاران دانراوە کە تێیدا وێنەیەکی ڕێبەری بلیمەتی گەلی کورد دانراوە و لە تەنیشت وێنەکەشدا کۆمەڵێک قسەی ناڕاستی پڕاوپڕ لە بێڕێزی کە تەنیا شیاوی خۆیان و سیستەمە سەدە نێوەڕاستییەکەیانە لەسەر کەسایەتی دوکتور قاسملوو نووسراوە.

ئەوەیکە ڕوونە کۆماری ئیسلامی لەڕێگەی ئەم هەوڵە چەپەڵانەوە دەیهەوێ پەردە لەسەر جینایەتکاربوون و تێرۆریست بوونی خۆی دابنێت کە لە ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨دا و بەناوی وتووێژ تاقمێک دیپلۆمات – تێرۆریستی سەر بە ڕێژیمی تاران تیری دڵڕەشی خۆیان گەیاندە سینگی پڕ لە خۆشەویستی و ڕووناکی دوکتوور قاسملوو و شەهیدیان کرد.

تەنیا چەند ڕۆژ دوای ئەم کردەوە چەواشەکارانەیەی ڕێژیم، کە نیشان لە ترسی کۆشکی دیکتاتۆری لە بیر و هزری قاسملوو و حەقانییەتی ڕێگا و ڕێبازی شەهیدانی کوردستانە، لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ڕیژیمدا، "عەلی دایی" نەخوازراو دەمامکی تێرۆریستێکی تاوانبار بە شەهیدکرانی دوکتوور قاسملووی لابرد؛ ئەو تێرۆریستە حەشاردراوە "ئەمیر مەنسوور بۆزۆرگیان" بوو، کە یەکێکە لە داڕێژەران و بکەرانی سەرەکیی کردەوە تێرۆریستییەکەی ڤییەنی پێتەختی وڵاتی ئۆتریش پاش وەرگرتنی چەندین خەڵات و بەرپرسایەتی، لە کۆتاییدا بە ناوی نهێنیی "سەردار غەفوور" بەرپرسایەتیی حەراسەتی گشتیی دەنگوڕەنگی ڕێژیم و پاشان بە ناوی "مستەفا مۆدەبێر"، بەرپرسی گشتیی کۆمپانیای سایپای ئێران و هاوکات سەرپەرەستیی تیمی فووتباڵی سایپای ئێرانی پێ دراوە.

## ئامریکا گوشارەکانی خۆی بۆسەر ڕێژیم زیاتر و زیاتر دەکات

بەمەبەستی زیادکردنی گوشارەکان بۆسەر کۆماری ئیسلامی، دەوڵەتی ئامریکا کۆمەڵێک سنووردارێتی نوێی دژ بە بەرنامەی ناوکی کۆماری ئیسلامی پەسند کرد. ڕێکەوتی ٤ی مەی ئامریکا ڕایگەیاند هەرچەشنە یارمەتیگەیاندنێک بۆ گەشەدان بە وزەگەی ئەتۆمی بووشێهر کە لەلایەن ڕووسیەوە درووست کراوە، دەچێتە خانەی یارمەتی گەیاندن بە کۆماری ئیسلامی و سزای تایبەت بەدوای خۆیدا دێنێ.

مۆرگان ئۆرتاگووس وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا وێڕای بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە ئاشکرای کرد: هەرچەشنە چالاکییەک بۆ ڕاگواستنی ئۆرانیۆمی پیتێندراوی ئێران بۆ دەرەوەی ئەم وڵاتەش لەبەرامبەر وەرگرتنی ئۆرانیۆمی سرووشتی دەکرێتە ئامانجی سزاکانی ئامریکا.

هەروەها داوا لە ئێران کراوە کە پرۆسەی پیتاندنی ئۆرانیۆم بە تەواوەتی ڕابگیرێت؛ وتویشیەتی: لەمەودوا ئامریکا ئیزن نادات ڕێژیمی تاران زیاتر لە ئاستی دیاریکراو ئاوی قورس ئەمبار بکات.

دەرکردنی ئەم بڕیارە لە ساڵیادی هاتنەدەری تاکلایەنەی ئامریکا لە بەرجامە کە بەهۆیەوە تەحریمە هەڵپەسێردراوەکان دووبارە گەڕانەوە و ئەمڕۆکە دۆخی کۆماری ئیسلامییان بە تەواوی مانا خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.

ئەم بڕیارەی ئامریکا دژکردەوەی یەکیەتی ئورووپای لێکەوتەوە کە بە یەکێک لە شەریک و هاوپەیمانەکانی تاران دەناسرێ؛ ماڵپەڕی فەرمی یەکیەتیی ئورووپا بڵاوی کردۆتەوە: فێدریکا مۆبرێنی بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەم یەکیەتییە وێڕای وەزیانی دەرەوەی بریتانیا، ئالمان و فەڕانسە بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک ڕایانگەیاندووە، هەڵوەشانەوەی تەحریمە ناوکییەکان بەشی سەرەکی بەرجام بووە کە نەتەنیا ئەگەری بازرگانی لەگەڵ ئێرانی بەهێز دەکرد بەڵکوو کاریگەری لەسەر ڕەوشی ژیانی خەڵکی ئێرانیش دادەنا.

لەبەرامبەریشدا چاوەدێرانی سیاسی پێیان وایە ئەمجۆرە هەڵوێست گرتنانەی ئورووپا تەنیا جۆرێک لە خۆشیرین کردن بۆ ئێرانە؛ پرسێک کە کەسانی نیزیک لە خامنەیی بە "دانی نوقڵی تاڵ بە تاران" وەسفیان کردبوو.

## پەیڤ

# شیتاڵبوون

کەریم پەرویزی

لەوەتەی دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی هەیە، چەند دەورە و لە چەند قۆناخدا گەیشتۆتە لێواری هەرەسهێنانی یەکجارەکی و لە سەر لێواری بەرەو دارمانی کۆتاییدا، بە هەزار فرتوفێڵ و پەلەقاژە و بە هەرزانفرۆشکردنی سامانی وڵات و تەنانەت ئیدئۆلۆژی و باوەڕەکانیشی! خۆی لە رووخان دەرباز کردووە.

یەکەمجار، لە ساڵانی دوای شەڕی ماڵوێرانکەری ڕێژیمی خومەینی و سەدامدا بوو کە ئەوکات و لە شەڕی شارەکاندا کە مووشەکبارانی شارەکانی ئێران و عێراقیان دەکرد، ئیدی کۆماری ئیسلامی مەرگی بە چاوی خۆی بینی و خومەینی بەقەول جامی ژاری فڕ کرد.

جاری دیکە، لە دوای کارەساتی ڕێستۆرانی میکۆنۆس بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دادگای میکۆنۆسدا بە بڕیاردەری تیرۆری دوکتۆر سەعید شەرەفکەندیی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ناسێندرا و خامنەیی و ڕەفسەنجانی و سەرانی ڕێژیم وەکوو تاوانباری سەرەکی قامکیان بۆ درێژ کرایەوە و بەدوای ئەوەدا ئورووپا پێوەندییەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێجگار کز کردەوە و بەناچار کۆماری ئیسلامی تیرۆریستەکانی لە ئورووپا کێشایەوە و ڕێککەوتنی بە میلیار دۆلاریی لەگەڵ ئورووپاییەکان بەست تاکوو خۆی دەرباز بکا.

کاتێکی دیکەش لە دوای خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٣٨٨ کە بە میلیۆنان خەڵک ڕژابوونە سەر شەقامەکانی تاران، ئیدی خامنەیی دواساتەکانی ڕێژیمەکەی بەچاو دەبینی، بۆ دەربازبوونی خۆیان لەگەڵ ئۆباما ڕێککەوت و ژێربەژێر وادەی پێ دا کە دەست لە پرۆسەی چەکی ناوکی هەڵدەگرێ و بەومەرجەی ئەوانیش پشتیوانی لە خۆپیشاندەران نەکەن!

ئێستاش دوای دەستدرێژییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ناوچە و پەرەدان بە تیرۆریزم، کۆماری ئیسلامی دووبارە کەوتۆتەوە ژێر گوشاری لەڕادەبەدەر و ئەم گوشارە ئابووری و سیاسی و ئەمنیەتیانە وەها تەنگەتاویان کردووە کە نەک بڕیارەکانی بۆ جێبەجێ ناکرێن، بەڵکوو هەر جارە و لە گۆشەیەکی ئێران، هەوڵی داپۆشینی لاوازی و کەموکووڕی و نەهامەتییەکان دەدا و بۆی جێبەجێ نابێ.

پیاز و تەماتە و نان و بەنزین و لافاو و مریشک و هێلکە و ... گوشاریان بۆ

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# بەیانییەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بەیانییەکەیدا بڵاویان کردەوەتەوە سەرەڕای نەبوونی ئەمنییەت، زەمانەتی ئابووری، کۆمەڵایەتی و شوغڵی کرێکاران گەلێک کێشە و گرفتیتر بەرۆکی کرێکارانی کوردستان گرتووەتەوە.

دەقی بەیانییەکە:

شکۆدار بێت ۱ی مەی ڕۆژی هاوپشتی جیهانیی کرێکاران

کرێکاران و زەحمەتکێشان!

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

هەروەک ئاگادارن بەرەو پیری ۱۱ی گوڵان واتە یەکی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار دەچین. لەم ڕۆژەدا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی هەموو ئەو کەسانەی لە پێناو ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریدا گیانی ئازیزیان بەخت کردوە. دەستی ماندووی یەک بە یەکی هەموو ڕەنجدەرانی بیر و بازوو دەگوشین و ڕێز دەگرین لە خۆڕاگری و فیداکاریی چالاکان و هەڵوسوڕاوانی بەندکراو و، سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنین لە ئاست خۆڕاگری بنەماڵەی سەربەرزیان.

ئەگەر بە خێرایی چاوێک بە ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوودا بخشێنین، لە ئاستی جیهانیدا سەرەڕای گەشەی خەبات و داخوازیی دادپەروەرانە و سەرهەڵدانی بەرینی نارەزایەتی جەماوەری و کرێکاری بە دژی سیستەم و نیزامی ناعادڵانەی سەرمایەداری، هەرچەند ئێمە شاهیدی شکست و دەستەوەستانی نیئۆلیبرالیزم لە چارەسەری قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دابووین، بەڵام بەداخەوە سەرەڕای هەموو ئەمانە، کەلەبەرە چینایەتیەکان قووڵتر بوونەوە و نیزامی سەرکوت و داپڵۆسین و بە تاڵان بردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگای بەشەری باڵادەستی خۆی نواندوە و، تا ئێستاش دروشمی "نان، کار، ئازادی" ئاوێنەی باڵا نوێنی خواست و داخوازی زۆرینەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە.

لە کوردستان و ئێران کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لە کاتێکدا بەرەوپیری ئەو ڕۆژە دەچن کە هەڵئاوسانی ئابووری و بێکاری و گرانی و نەبوونی ئەمنییەتی کارکردن و نەبوونی ئەمنییەتی گیانی و، مافیای دزی و تاڵان و قۆرغکاریی دەستە و تاقمەکانی نێو دەسەڵات، سەرەڕای یاسا دژەکرێکارییەکانی دەوڵەت بوونەتە نۆرمێکی باو و، وەک مۆتەکە لە سەر ژیانی زۆربەی خەڵکی کوردستان و بە تایبەت چینی کرێکار و زەحمەتکێش قورسایی دەکەن. کۆماری ئیسلامی بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی خۆی وێڕای بە سیاسیکردن و ئەمنییەتیکردنی پرسی پیشەیی کرێکاران و، گرتن و ڕاوەدوونانی ڕابەران و هەڵسوڕاوانی کرێکاری، ئەو بەستێنەی بۆ خاوەنکاران و نوێنەرانی دەسەڵات ڕەخساندووە هەتا ڕێکخستن و سەندیکا کرێکارییەکان بخەنە پەراوێزەوە.

سەرەڕای نەبوونی ئەمنییەت و زەمانەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و شوغڵی، وەک بیمەی بێکاری و دابینکردنی (مافی) کۆمەڵایەتی و ئەمنییەتی شوێنی کارو گەلێک کێشە و گرفتیتر کە کرێکارانی کوردستان لەگەڵی ڕووبەروون، ڕێژەیەکی بەرچاو لە کرێکارانی کوردستان بە پێی یاسای کاری کۆماری ئیسلامی وەک کرێکار پێناسە ناکرێن و بەو پێیەش هیچ کام لە بڕگەکانی تەنانەت ئەو یاسا سەقەتە کرێکارییەی ڕژیمیش نایانگرێتەوە و هەر ئەوەش بواری ستەم و چەوسانەوەی زیاتریان دەڕەخسێنێ.

ئەمە لە کاتێکدایە کە جوڵانەوەی میللی دیموکراتیکی گەلی کورد و خەباتی مافخوازی کورد پشتیوانی بزوتنەوەی کرێکاری بووە و بەردەوام بەرگری لە مافی ڕەوای کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کردوە.

هیچ گومان لەوەدانیە کە کۆماری ئیسلامی یەکێک لە دژەکرێکارترین حکومەتەکانی ناوچە و جیهانە کە لە ڕێگای سازکردن و داڵدەدان و پشتیوانیکردنی تاقم و گروپە مافیاییە ترسناکە ئابوورییەکان، دەستی خستۆتە سەر شادەماری ژیانی کۆمەڵانی هەژار و زەحمەتکێش و زۆرینەی دانیشتوانی وڵاتی تووشی ڕۆژڕەشی و نەهامەتی کردووەو، ئاماری ترسناکی ۷ ملیۆن منداڵی کار و سەرشەقام دەرخەری ئەو ڕاستیەن. لە کوردستانیش بەهۆی هەڵاواردن و پەراوێزخستنی لەبواری ئابوریی، شەپۆلێکی بەرینی بێکاریی بەرۆکی بە خەڵک گرتوە. بۆ نمونە لە ساڵی ڕابردوودا پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپلەی یەکەم و پارێزگای سنە بە پلەی سێهەم زۆرترین ڕێژەی بێکارییان لە ئێراندا هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ساڵانە دەیان کۆڵبەری کورد کە بەهۆی بێکارییەوە پەنا بۆ ئەم کارە تاقەتپڕوکێنە دەبەن دەکەونە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە تڕۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە پێویستە بڵێین کە یەکی مانگی مەی لە بۆنەیەکی چینایەتییەوە بۆتە وەرچەرخان و مینبەرێکی جیهانی بۆدەربرینی هاوپشتی وهاوخەباتی دژ بە نادادی وبۆهێنانەدی ئاشتی و تەبایی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

**پیرۆز بێت یەکی مەی، ڕۆژی جیهانیی کرێکار**
**بژی ئازادی و دادپەروەری**
**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

# شاندێکی حیزبی دێموکرات سەردانی بەرەی تورکمانی عێراقی کرد



ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٤ی بانەمەڕ، شاندێکی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ۲٤مین ساڵڕۆژی دامەزرانی بەرەی تورکمانی عێراق، بە سەرپەرەستیی "محەممەد ساڵح قادری" سەردانی بەرەی تورکمانی عێراقیان کرد.
لەو سەردانەدا شاندی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ۲٤مین ساڵڕۆژی دامەزرانی بەرەی تورکمانی عێراق، پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتیان پێ ڕاگەیاندن.
لەو سەردانەدا، شاندی حیزبی دێموکرات لە لایەن "ئایدین مەعرووف" سەرۆکی بەرەی تورکمانییەوە پێشوازیان لێکرا.
لەو دیدارەدا دوو لایەن پێداگرییان لەسەر بەردەوامیی پێوەندییەکانیان کردەوە.

# کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو

ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەسەر چەندین بەڵگەی کاریی لە داهاتوودا گفتوگۆیان کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٥ی بانەمەڕ، کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، لە ناوەندی سەرکردایەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەڕێوە چوو و چەندین کار و پرۆژەی کاریی تێیدا تاوتوێ کرا.

کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو بۆ قسە و باس و بڕیاردان لەسەر چەندین بەڵگەنامەی کاری ناوەند، بۆ پەیوەندی لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان و پەیوەندی نێونەتەوەیی کە تێیدا لایەنەکان تێبینی و بۆچوونی خۆیان لەسەر بەڵگەنامەکان دەربڕی.

لە سەروبەندی ڕۆژی جیهانیی کرێکار، بەشداربووانی کۆبوونەوەکە پێشنیاری ماڵپەڕەکانی سەربە ڕێژیمی ئێران، بە نیسبەت یەکگرتوویی کورد نیگەرانن و هێرشیان کردووەتە سەر ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە نیسبەت یەکگرتوویی کورد نیگەرانی دەربڕیوە و لە ماڵپەڕەکانی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعاتدا، هێرشیان کردووەتە سەر ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و لەم ڕێگایەوە هەوڵی تۆمەت خستنە پاڵی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیان داوە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئیرادەی هاوبەشی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات پێک هاتووە و بە کەڵکوەرگرتن لە بیری هاوبەش لە پێناو دەستەبەرکردنی یەکڕیزیی کردار و خەباتی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کار دەکات.

پێکهێنانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، هەنگاوێکی کردەیی بوو بۆ کار لە پێناو دەستەبەربوونی ئامانجە هاوبەشەکانی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان، کە لە پێناو دەستەبەربوونی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کار دەکەن.

هەر لە سەرەتای پێکهاتنی ئەم ناوەندەوە هەتاکوو ئێستا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت یەکدەنگی و یەکئامانجی ئەو حیزبانە دژکردەوەی جیاوازی نیشان داوە و گەلێک بانگەشەی ناڕاستی لەو پێوەندییەدا کردووە.

# کەسایەتییەکی سیاسیی ڕۆژئاوای کوردستان سەردانی حیزبی دێموکراتی کرد



کەسایەتییەکی سیاسیی ڕۆژئاوای کوردستان، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و چەندین پرس و بابەتیان تاوتوێ کرد.

ڕۆژی دووشەممە، ۲ی بانەمەر، دوکتور "کەماڵ سەیدۆ"، بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە "ڕێکخراوی پارێزگاری لە گەلانی لە مەترسیکەوتوو" لە وڵاتی ئالمان و کەسایەتیی سیاسیی ڕۆژئاوای کوردستان سەردانی دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتەوە، بە سەرپەرەستیی حەسەن شەرەفی، جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزب پێشوازی لێ کرا.

لەم دانیشتنەدا، دوو لایەن کۆمەڵێک پرس و بابەتیان سەبارەت بە پرسی کورد لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوتوێ کرد و ئاماژەیان بە سیاسەتی وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا کرد و سیاسەتی سەربەخۆیی حیزبەکانیان بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی مافە نەتەوەییەکانی کورد بە هۆکارێکی گرینگ بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی کورد زانی.

لەم دیدارەدا، دوکتور کەماڵ سەیدۆ ئاماژەی بە سیاسەتە دروستەکانی شەهید دوکتور قاسملوو بە نیسبەت دەستوەرنەدان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان کرد و وتی: پێویستە کوردی هەر چوارپارچە لەو سیاسەتە ئوسوولی و دروستە پەیڕەوی بکات.

هەروەها لەم دانیشتنەدا، سەبارەت بە سیاسەتی نێودەوڵەتی کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بونیات نراوە و گرینگە کوردیش سیاسەتی خۆی لە بەر ڕووناکایی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەکەی دەستنیشان و پەیڕەو بکات، باسی لێ کرا.

لە کۆتاییی ئەم دیدارەدا، دوکتور کەماڵ سەیدۆ سپاسی پێشوازیی گەرمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و بە

# دیداری شاندێکی حیزبی دێموکرات لەگەڵ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان



ڕۆژی پێنجشەممە، ٥ی بانەمەر، شاندێکی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "محەممەدساڵح قادری"، لە شاری هەولێر، سەردانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیان کرد و لە لایەن وەفدی مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبەوە بە سەرپەرەستیی "گۆران جەلال" پێشوازییان لێ کرا.

لەم دانیشتنەدا، دوو لایەن وێڕای تاوتوێکردنی بارودۆخی سیاسیی ناوچە و کوردستان، قۆناغی ئێستای خەباتی کوردیان لە بەردەم دەرفەت و هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان لە لایەك و جیدییەتی گەلی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی لە لایەکی دیکەوە بە گرینگ زانی .

دوو لایەن سەرەڕای پێداگریی لەسەر هاوکاریی نێوانیان جەختیان کردەوە، کە پێکەوەهەڵکردن و هاوکاریی نێوان حیزب و لایەنەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی، زامنی سەرکەوتن دەبێت.

# دیداری زانستی بۆ دیالۆگی کورد و عەرەب بەڕێوە چوو



هەیئەتێکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە دیداری زانستی بۆ دیالۆگی کورد و عەرەبدا بەشداری کرد.

ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ۸ی بانەمەڕ، لەسەر بانگهێشتی فەرمی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "فواد خاکی بەیگی"، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات، بە هاورێیەتی "ناسر ساڵحی ئەسڵ" نوێنەری حیزب لە کۆیە، لە دیداری زانستی بۆ دیالۆگی کورد و عەرەب لەژێر ناوی "ڕۆشنبیر و دۆزی بەیەکەوە ژیانی هاوبەش " بەشداریان کرد.

زانکۆی کۆیە و زانکۆی بەغداد لە ماوەی ۳ ڕۆژدا بە بەشداری کەسایەتی و لێکۆلەران ومامۆستایانی زانکۆ، لە ڕەهەندی جۆراجۆرەوە پرسی پێکەوە ژیانی ئاروزمەندانەی کورد و عەرەب لە عێراق، تاوتوێی دەکەن.

# بەشداریی حیزبی دێموکرات لە سێمیناری «داهاتووی پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و یەکیەتیی ئورووپا»



ڕۆژی سێشەممە، ١٠ی بانەمەڕ، لەسەر بانگێشتی فەرمیی زانکۆی پۆلی‌تەکنیکی هەولێر، هەیئەتی پەیوەندییەکانی حیزب بە سەرپەرەستیی "محەممەدسالح قادری"، بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزب، بەشداریی ئەو سێمینارەیان کرد، کە بۆ کاک "دڵاوەر ئاژگەیی"، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکیەتیی ئورووپا پێک هێنرابوو.

شایانی باسە ئەو سێمینارە بە بەشداریی کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ و کەسایەتیی شارەزا لە بواری دیپلۆماسی و پەیوەندییەکان بەڕێوە چوو.

لە بەشی ڕا و سەرنجی ئەم سێمینارەدا، نوێنەری حیزب، زەروورەت و سەرەتییەکانی پەیوەندیدار بە لۆبیگەریی نەتەوەیی و ڕێکخستنی تایبەت بە کوردستانیانی تاراوگە و کەڵکوەرگرتن لە تواناکانی ئەوان لە بوارە جۆراجۆرەکاندا و کاریگەرییەکانی ئەو کارە لە هاوکێشە سیاسی و ئابوورییەکانی نێوان کوردستان و ئورووپاییەکاندا بە گرنگ زانی.

# دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزب سێمینارێکی تەشکیلاتیی بەڕێوە برد

دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کار و چالاکییەکانی، لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا و هەروەها بەرنامە و کاری داهاتووی و ئەرکی ئەندامانی حیزب لە قۆناغی ئێستای خەباتدا، سێمینارێکی تەشکیلاتیی بەڕێوە برد.

ڕۆژی شەممە، ٣٠ی خاکەلێوە، بەشی ئاشکرای دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزب، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کار و چالاکییەکانی لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا و هەروەها بەرنامە و کاری داهاتووی و ئەرکی ئەندامانی حیزب لە قۆناغی ئێستای خەباتدا، سێمینارێکی تایبەتی، بە بەشداری دەستەی بەڕێوەبەریی سەرجەم کۆمیتەکانی حیزب لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە برد.

سەرەتای سێمینارەکە بە خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد.

دواتر "دارا ناتق"، جێگری دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزب، باسی لە ئامانجی پێکهێنانی ئەم سێمینارە و ڕیزبەندی کاری سێمینارەکە کرد کە لە دوو پانێل پێک هاتبوو.

پانێلی یەکەم، باسێک بوو لەسەر دۆخی ئێستای حیزبی دێموکرات و ئەرکی ئەندامانی حیزب لە قۆناغی ئێستای خەباتدا کە لە لایەن "حەسەن شەرەفی"، بەرپرسی ناوەندی سیاسی و جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبەوە پێشکەش کرا.

پانێلی دووهەم، باسێک بوو لەسەر کار و چالاکییەکانی یەکساڵی ڕابردووی بەشی ئاشکرای دەزگای ڕێکخستن و بەرنامە و پڕۆژەی کاریی ئەو بەشە لە ساڵی نوێدا، کە لە لایەن "تاهیر مەحموودی"، بەرپرسی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزب و ئەندامی دەستەی کارگێڕی و "دارا ناتق"، جێگری دەزگای ڕێکخستنەوە، خرایە بەرباس و لێکدانەوەی لەسەر کرا.

لە پانێلی یەکەمدا، "حەسەن شەرەفی"، بە وردی ئەرکی ئەندامانی حیزبی لە قۆناغی ئێستای خەباتدا بۆ ئامادەبووان شی کردەوە.

ناوبراو وتی: پێش هەموو شتێک ئەندامی حیزب پێویستە شارەزای بەرنامە و سیاسەتەکانی حیزب بێت و وەفادار بە سیاسەت و ڕێبازی ڕێبەران و شەهیدانی حیزب بێت. سیاسەتەکانی حیزب بباتە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بە کاریگەرییەکانی سەرنجی کۆمەڵگا بۆ لای بەرنامە و ئامانجەکانی حیزبەکەی ڕابکێشێت. لە بارودۆخی تایبەتیدا ئەرکی ئەندامانی حیزب قورستر دەبێت. واتە لە هەلومەرجێکدا کە بەرەوڕووی مەترسی و هەڕەشەی تۆپباران و مووشەکبارانی دوژمن دەبنەوە، ئەندامانی حیزب خۆڕاگرتر و بەگوڕ و تینتر لە بەرامبەر ئەو مەترسییانە ڕابوەستن و قورس و قایمتر لە مەیدانی خەباتدا تێبکۆشن.

حیزبی دێموکرات هەمیشە لە تەنگانەدا جوانە. لە دۆخی تەنگانەدا، ئەندامانی حیزب سەرەڕای باسکردن لە کێشە و گرفتەکان، بە فیداکاری و لەخۆبردوویی خۆیان، لە پێناو پاراستنی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد و بەگوڕ و تینکردنی خەبات تێدەکۆشن.

"شەرەفی" هەروەها وتی: دەبێ پتر کار بکەین و پتر لە جاران خۆمان ماندوو بکەین. کاری هیچ ئەندامێکی حیزبی، نابێت کار لەکۆڵکردنەوە بێت و دەبێت هەوڵ بدەین کە کاریگەریی دابنیین و بە تێکۆشان و ماندووبوونی بێوچانمان ببین بە هێزی شوێندانەر.

لە کوتاییی باسەکەیدا بەشداربووان پرسیار و سەرنجی خۆیان سەبارەت بە دۆخی ئێستای حیزب و خۆرهەڵاتی کوردستان و ئێران بەگشتی، ئاراستەی "حەسەن شەرەفی"کرد، کە لە لایەن ناوبراوەوە وڵام درانەوە.

لە پانێلی دووهەمی سێمینارەکەدا، "تاهیر مەحموودی" بەرپرسی دەزگای ڕێکخستنی گشتی حیزب و "دارا ناتق" جێگری دەزگای ڕێکخستنی گشتی، تیشکیان خستەسەر کار و تێکۆشانی ماوەی یەکساڵی ڕابردووی دەزگای ڕێکخستن، لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان، وێڕای سپاس و ماندونەبوونی لە هەوڵ و تێکۆشانی بەردەامی ئەندامانی حیزب لە گشت بوارەکاندا، ئاماژەیان بە بەرەوپێشچوونی ئاستی چالاکییەکانی بەشی ئاشکرای دەزگای ڕێکخستن لە هەرێمی کوردستاندا کرد و هاوکات کەموکوڕی و گیروگرفتەکانی پێوەندیدار لەو بەشەدا دەستنیشان کران.

# دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات کۆبوونەوەیەکی بەڕێوە برد



دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە سنووری هەولێر بەڕێوە برد.

ڕۆژی هەینی، ١٣ی بانەمەڕ، لە درێژەی کار و چالاکییەکانیدا، بەشی ئاشکرای دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزب، کۆبوونەوەیەکی سیاسی و تەشکیلاتی بۆ هەر یەک لە هاوڕێیان "محەممەد ساحێبی"، بەرپرسی دەزگای ئەمنییەتی حیزب و "دارا ناتق"، بەرپرسی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب، بۆ ئەندامانی حیزب لە هەولێر و دەوروبەری لە کەمپی جێژنیکان بەڕێوە برد.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە چەند ساتێک ڕاوەستان وەک ڕێز و وەفا بۆ یادی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و حیزبی دێموکرات دەستی پێ کرد.

سەرەتای کۆبوونەوەکە "محەممەد ساحێبی" بەرپرسی دەزگای ئەمنییەتی حیزب، وتەیەکی پێشکەش کرد.

ناوبراو لە باسەکەیدا، لەسەر ڕەوەندی گشتیی ئەمنییەت و چۆنیەتی خۆپاراستن لە بەرانبەر مەترسییەکانی سەر ڕێگای خەبات لە هەلومەرجی ئێستادا و بەرپەرچدانەوەی پیلانی ڕێژیم و دوژمنانی نەتەوەکەمان دوا و پاشان بە تیشک خستنەسەر دوو مژاری گرینگ لە هەلومەرجی ئێستادا، کۆمەڵێک ڕێکار و هۆشداری بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پیلانەکانی ڕژێم پێشکەش کرد.

بەرپرسی دەزگای ئەمنییەتی حیزبی دێموکرات، لەسەر شەڕی دەروونیی ڕێژیمی ئێران بەرانبەر بە حیزب و ڕاسان قسەی کرد و دواتر ئەو پیلانانەی ڕوون کردەوە، کە ڕێژیم بە کەڵکوەرگرتن لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا کەڵکیان لێ وەر دەگرێت، هەروەها لە کۆتاییدا باسی لە ئەرکی ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە بەرانبەر ئەو پیلانانەی ڕێژیم کرد و داوای لە ئەندامانی حیزب کرد کە وشیارتر و چاوکراوەتر لە ڕابردوو و لە بەرانبەر مەترسی و پیلانەکانی ڕێژیم ڕابوەستن.

دواتر، "دارا ناتق" بەرپرسی ڕێکخستنی ئاشکرای گشتیی حیزب وتەیەکی پێشکەش کرد.

ناوبراو، ئاماژەی بە سیاسەتی دەوڵەتی ترامپ و گەمارۆوەکانی بۆ سەر ڕێژیمی ئێران و ئیزۆلەبوون و داڕووخانی ئابووریی ئەو وڵاتە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا کرد و بە شیکردنەوەی دۆخی ئێستای ئێران و ناوچەکە و وێڕای وەبیرهێنانەوەی پرەنسیبە حیزبییەکان و ئەرکی ئەندامان، ڕۆڵی ئەندامانی لە هەلومەرجی ئێستادا بەرز نرخاند و باسی لەو پەیوەندییانە کرد، کە چۆن ئەندامەکانی حیزب، دەتوانن بە بەشداریی چالاکانە و بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی لە پێناو سەرخستنی ئامانجەکانی حیزب و بزاڤی "ڕاسان"دا ڕۆڵی پێویست و مێژوویی خۆیان بگێڕن.

دارا ناتق وتی: هەموو سەرەداوەکان ئەوە پیشان دەدەن کە ئێران لە دەروازەی ئاڵوگۆڕی گرنگدایە و بەدوورە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بتوانێت لەژێر باری ئەم هەموو قەیرانانەدا پشتڕاست بکاتەوە، هەر بۆیە ئەم دۆخە هەستیارە پێویستی بە هاودەنگیی نیشتیمانی لە نێوان پارتە سیاسییەکان، ئێلتی کۆمەڵگە و جەماوەریی خەڵک هەیە و دەبێت چالاکتر لە جاران تێ بکۆشین.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، ئەندامانی حیزب بە ڕا و بۆچوون و سەرنج و پرسیار لە هاوڕێیان "محەممەد ساحێبی" و "دارا ناتق"، کۆبوونەوەکەیان دەوڵەمەندتر کرد و کۆبوونەوەکە لە کەشوهەوایەکی کوردانە و دێموکراتیکدا کۆتایی پێ‌هات.

# ئەندامێکی حیزبی دێموکرات وەک میدیاکاری سەرکەوتووی ساڵ دیاری کرا



ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێر خەڵاتی میدیاکاری سەرکەوتووی ساڵی پێبەخشرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٥ی بانەمەڕ، کاتژمێر ١٠ی سەرلە بەیانی لە ڕێوڕەسمێکدا بە بۆنەی یادی ١٢١ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی، "گوڵباخ بەهرامی" وەک میدیاکاری سەرکەوتووی ساڵی ٢٠١٩ دیاری کرا و خەڵاتی پێبەخشرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا، بە مەبەستی بەرزنرخاندنی توانای میدیاکاران، زانکۆی پۆلیتکنیکی هەولێر بەشی تکنیکی میدیا، خەڵاتی میدیاکاری ساڵی بەخشییە گوڵباخ بەهرامی.

ناوبراو وەک میدیاکاری سەرکەوتوو و بێژەر لە کەناڵی کوردستان ٢٤دا کاری میدیایی دەکات.

گوڵباخ بەهرامی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە توانیوەتی ئەو خەڵاتە بەدەست بێنێت.

# بیر و هزری قاسملوو کۆشکی دیکتاتۆری وەلەرزە خستووە



ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دان بە گەورەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شکستی خۆی لە بەرانبەر دوکتور قاسملوو دادەنێت.

کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران وەک نەریت و کلتووریی هەمیشەیی خۆیان دیسان هێرشیان کردووەتە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بێڕێزیان بە دوکتور قاسملوو کردووە.

لە میانەی ٣٢مین خولی پیشانگای کتێبی تاران، کاربەدەستانی دیکتاتۆر و جەنایەتکاری تاران لە بنێرێکدا کە بە وێنەی دوکتور قاسملوو نەخشێندراوە، ئیدعای ئەوەیان کردووە کە حیزبی دێموکرات "منحلە"یە و دوکتور قاسملووش سەر بە بێگانەکان بووە.

دانان و بڵاوکردنەوەی ئەم پۆستێر و بنێرانە لە لایەن کاربەدەستانی تاران ئیقدامێکی نوێ نییە و ساڵی ٩٥ی هەتاویش کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەباتی نوێی خۆی لەژێر ناوی "ڕاسان" ڕاگەیاند؛ لە تاران بنێرێکیان بڵاو کردەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی "منحلە"یە و کەس بایەخی پێ نادات.

کار و کردەوەی لەم چەشنە دەرخەی ئەوەیە کە خودی ڕێژیم دان بەوە دادەنێت کە خەڵکی کوردستان پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن و ڕێبەرانی ئەو حیزبە بە ڕێبەرانی خۆیان دەزانن و لەپێناوی ڕێبازی ڕێبەرانیان لە هیچ فیداکارییەک دەریغ ناکەن.

هاوکات خودی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران خۆیان دان بەوە دادەنێن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەنێو خەڵکدا جێگە و پێگەی هەیە و خەڵکیش پشتیوانی ئەو حیزبەیە.

هەڕەشە و هێرشی بەردەوام و هەمە جۆرەی ڕێژیمی ئێران و هەڕەشەی ڕاستەوخۆی تێرۆر لە پێشمەرگە، کادر، ڕێبەرایەتی و ئەندامانی حیزبی دێموکرات دەرخەری ئەو ڕاستییە کە حیزبی دێموکرات لە مەیدانی خەباتدا هەر ماوە و هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانی دەست هەڵناگرێت.

بێ ئەدەبی و بێڕێزی بەرپرسانی شوێنیستی تاران بابەتێکی نوێ نییە؛ بەڵکوو بەردەوام لە ڕێگای بەناو دەنگوڕەنگ، ڕۆژنامەکان و تریبۆنەکانیان بێڕێزی بە خەڵکی کوردستان دەکەن.

کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران دەبێت بە جێگای چەواشەکاریی مێژوو و جوغرافیای ناوچەکە و کوردستان، بیر لە فرۆشتن و بە کرێدانی خاکی خۆیان بە بیانییەکان لە مێژوودا بکەنەوە کە لە نوێترین حاڵەتەکاندا دەتوانین ئاماژە بە بەکرێدانی "پایگای نوژە لە هەمەدان بە ڕووسیە، بەندەری چابەهار بە هیندوستان، فرۆشتنی دەریای خەزەر بە ڕووسیە "و چەندین حاڵەتی دیکە بکەین.

کاتێک میدیاکانی ڕێژیمی ئێران، بە فەرمی و ڕاشکاوانە جنێو و قسەی دوور لە ئەدەبیاتی سیاسی و ئەدەبی مرۆڤانە بە تایبەت دژ بە کورد بەکار دێنن، بابەتێکی چاوڕوان نەکراو نییە کە بنێر و پۆستێری لەم بابەتە بڵاو بکرێتەوە.

# ئەندامێکی حیزبی دێموکرات دوکتورای زمانی ئینگلیزی وەرگرت



ڕۆژی شەممە، ٧ی بانەمەڕ، لە هۆڵی دوکتور "عەبدولحەمید یەعقووبی"، لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین، لە شاری هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستان، "پەیمان بابایی"، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و مامۆستای زانکۆ، دوکتورای لە زمانی ئینگلیزی بە پلەی نایاب وەرگرت.

بابایی، لەسەر تێزی دوکتوراکەی لەژێر ناونیشانی "کاریگەرییەکانی فێربوونی زمان بە یاریدەی ئامێرە موبایلییەکان لە بەرەوپێشبردنی کارامەییەکانی گوێگرتن و ئاخاوتنی خوێندکارانی کورد زمانی زانکۆی کۆیە"، گفتۆگۆی کردهاوکات شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "محەممەدنەزیف قادری"، جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات ئامادەی گفتۆگۆکە بوون. هەر لەمبارەوە ڕۆژی شەممە، ١٤ی بانەمەڕ، بەڕێز مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشوازی و پیرۆزبایی لە دوکتور پەیمان بابایی، ئەندامی حیزبی دێموکرات و مامۆستای زانکۆ کرد، کە لە زانکۆی سەلاحەدینی شاری هەولێر، بڕوانامەی دکتۆرای زمانی ئینگلیسیی بە پلەی نایاب وەرگرتووە؛ بەڕێزیان ڕوو لە دوکتور پەیمان ڕایگەیاند: "شانازییە بۆ حیزبی دێموکرات کە ئەندامی وەک دوکتور پەیمانی هەیە، کە سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکان و کەمیی ئیمکانات و ژیانی ئاوارەیی، بڕوانامەی بەرز بەدەست دێنێت".

لە بەرانبەردا، دوکتور پەیمان بابایی، وێڕای سپاس و پێزانین لە بەڕێز کاک مستەفا هیجری بۆ پێشوازی گەرمییان، ڕایگەیاند: شەرەفمەندم کە ئەندامی حیزبی دێموکراتم و باسی لەوە کرد، کە نەک بڕوانامەکەم بەڵکوو هەموو ژیان و تەمەنم بۆ خزمەت بە حیزبی دێموکرات تەرخان دەکەم و هەموو پەروەردە و پێگەیاندنمان قەرزداری مەکتەبی پڕ لە شانازیی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندین.

## دریژەی پەیڤ

ڕێژیمێک هێناوە کە ئیددیعای دەکرد مودیریەتی هەموو جیهان دەکا!

ئێستە ئەم ڕێژیمە لەباتی دابینکردنی نان بۆ خەڵک و دەربازکردنی گیانی لافاولێدراوان، هێزی سەرکوتکەر دەنێرێ تاکوو لێقەوماوان و لەشکری هەژاران بێدەنگ بکا!

سەرەڕای ئەم دەستەوەستانی و ناکارامەیی قەیرانخولقێنیانەی ڕێژیم، بەرپرسانی پایەبەرزی ئەم ڕێژیمەش کە کۆتاییی دەسەڵاتەکە بەچاوی خۆیان دەبینن، هەرکامەیان وەدوای بیانوویەک دەگەڕێن تاکوو حیسابی خۆیان لە ڕێژیم جودا بکەنەوە و لانیکەم ئەو سامانەی بەتاڵانیان بردووە و هەروەها گیانی خۆیان دەرباز بکەن.

ئەم ڕێژیمە کە شڕو شیتاڵی بڕاوە و تانوپۆی دەسەڵاتەکەی شیتاڵ بۆتەوە، لە لێواری مەرگدا وەدوای هەژگێک دەگەڕێ تاکوو دەستی پێوە بگرێ و نەکەوێتە قووڵایی دۆڵی نەمان، بەڵام نرخی دەربازبوونی ئەمجارە زۆر قورسە و ڕەنگە شتێکی نەمابێ بۆ فرۆشتن!

# تێکۆشەرانی دێموکرات لە شارەکانی کوردستان چالاکیی جۆراوجۆری تەبلیغییان بەڕێوە برد




شەوی هەینی، ۳۰ خاکەلێوە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری مەهاباد، بە بۆنەی پشتیوانیی حیزبی دێموکرات لە بڕیاری بەتیرۆریست ناساندنی پاسدارانی ڕێژیمی ئێران لە لایەن ئامریکاوە، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری مەهاباد، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە "بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران"، لە شوێنەکانی وەک: سێرایی شیلانان، ئەسحابەی سپی، مەیدانچەی حەسەنزادە، شەقامی پەرەستار، مردووشۆر، شەقامی گومرۆک، باغی مکائیل، مزگەوتی بداغ سوڵتان و مزگەوتی عومەری فاروق چالاکی تەبلیغیان بەڕێوە برد.

شەوی یەکشەممە، ۱ی بانەمەر، ئەندامانی و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شارۆچکەی "دزەی مەرگەوەڕ" سەربە شاری ورمێ، تراکت و پۆستێری تایبەت بە پیشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بڵاو کردەوە.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات، ئەم تراکت و پۆستێرانەیان لە شوێنەکانی وەک: بازاڕی میوەفرۆشان، تاناکۆرا، بازاڕی ئەسڵی، دووکان و مزگەوتەکان و مزگەوتی جامعە کە ڕووبەرووی پاسگای هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمی ئێرانە، بڵاو کردەوە.

نووسراوەی ئەم تراکت و پوستێرانە دروشمەگەلێکی وەک :"بژی گەلی کورد، سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سڵاو لە شەهیدان، سڵاو لە پێشمەرگە، ڕۆڵەی ڕاستەقینەی گەلی کورد، بڕووخێت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و جاشەکان بێنەوە نێو ڕیزی گەلی کورد و هتد"ن.

هاوکات ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە گوندی ئەوێهەنگ سەربە ناوچەی ژاوەرۆی سنە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، بە دانانی جامانە و گوڵی هەڵاڵە، پشتیوانی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دووپات کردەوە.

چاونەترسانی دێموکرات لە شاری مەریوان، بە هەڵکردنی لۆگۆ و ئاڕمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر پردی هەوایی بەرانبەر پارکی شانۆ، پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دەربڕی.

هەروەها خاکیپۆشانی دێموکرات لە مەهاباد، لە گوندی "وسووکەند"، لە شاخی "بەرئەشکەوتان" کە شوێنێکی گەشتیارییە و خەڵکێکی زۆر ڕوو لەو شوێنە دەکەن، بە نووسینی دروشمی تایبەت بە مەحکوومکردنی سپای تێرۆریستیی پاسدارانی ڕێژیم و پشتیوانی لە خەباتی پێشمەرگە و حیزبی دێموکرات، بەگژ داگیرکەردا چوونەوە.

درووشمەکانی ئەو چالاکییە بریتی بوون لە: "مەرگ بۆ جاش و خۆفرۆش"، "ڕاسان بەردەوامە، جاشەکان زۆرتان نەماوە"، "قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"، "پێشمەرگە زامنی کوردستان"، "ڕاسان تا لووتکە بەردەوامە"، "بژی حدکا"و "بژی حیزبی دێموکرات".

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٤ی بانەمەڕ، پێشمەرگەکانی شار، لە شارەکانی دیواندەرە، سقز، پاوە و لە گوندەکانی دەوروبەری ئەم شارانە بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و پێشوازی لە بڕیاری بەتیرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران لە لایەن ئامریکاوە، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

باڵندەکانی کۆساڵان لە شاری دیواندەرە بە بڵاوکردنەوەی زیاتر لە ۳٥۰ تراکت و پوستێری تایبەت بە "بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران" کە لەلایەن دەزگای ڕێکخستنی گشتی حیزبی دێموکراتەوە ئامادە کرابوون لە شوێنەکانی وەک: ناوەندی شار نزیکی ئیدارەی ئیتلاعات و سپاه و هێزی بەناو ئینتزامی، ترمینالی دیواندەرە، لە سەر ڕێگای گوندەکانی کوڵ، زاخە، نسارە، دەربەند، کانیچەرموو، شەریف ئاوا، یاپاڵ، کەڵەکان، ئیبرایم ئاوا، ڕەشی ئاوا، زەڤەرئاوا و لە ڕێگای شاری زەڕینە چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەریوە برد.

هاوکات ، پێشمەرگەکانی شار لە سەقزبە بڵاوکردنەوەی زیاترلە ۲۳۰ تراکت و پوستێری تایبەت بە، بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی ڕێژیم، لە شوێنەکانی وەک: گەڕەکی حەماڵئاوا، مزگەوتی بەلالی حەبەشی لە لای پردی ورودی شاری سەقز ، مەدرەسەی سداقەت، ترمینالی سەقز و بۆکان، پارکی شار و دەوروبەری، وهەروەها لە گوندەکانی: سونەتە، زێویە، قاچیان، چاپان و کارێزە، وزمان، جافرائاوا، کووڵتەپە و گاوشەلە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری پاوە لە شوێنەکانی وەک: شەقامەکانی قەڵادزێ، کۆڵانەکانی میراوا و سەردی بە بڵاو کردنەوەی تراکت و پووستێری تایبەت چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

شەوی ٥ لەسەر ٦ی بانەمەڕ تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری مەریوان، تراکت و پۆستێری تایبەت بۆ پێشوازی لە پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان، کە ڕوو لە ئەندامانی کورد لە نێو ڕێکخراوی سپای تێرۆریستی پاسداران بوو، لە شوێنەکانی وەک: ڕێگای دزڵی- مەریوان، ڕێگای مەریوان- سەقز، بنداوی گاڕان، ڕێگای مەریوان بۆ سنووری باشماخ، سەیرانگای بێلوو، کانی خەیاران، دەربندی دزڵی، سەیرانگای باراماوا و هەروەها ڕێگای گوندەکانی: کاڵ، دگاشێخان، زەلکە، سیاناو، ڕێگاکانی مێرەسوور بڵاو کردەوە.

هاوکات ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە گوندی نییەر لەگەڵ شەهیدانی ڕێگای ئازادی بەڵێنیان نوێ کردەوە .

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، لە گوندی نییەر، سەربە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، بە دانانی ئالای کوردستان، جامانە و وێنەی شەهیدان بۆ جارێکی تر پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

شەوی یەکشەممە، ۸ی بانەمەڕ، پێشمەرگەکانی شار لە "گەلی قاسملوو" سەر بە شاری ورمێ و ناوچەی "دەشتەبێل" سەر بە شنۆ ، بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و دانانی جامانە و گوڵی هەڵاڵە چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەر هەمان شەوی یەکشەممە، ۸ی بانەمەڕ، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری ساحێب سەر بە سەقز، تراکت و پۆستێری تایبەت بە "بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران، کە لە لایەن دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو کرابووەوە، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بە دژی سپای تیرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئێران بەڕێوە برد.

بە بۆنەی ۱۱ی بانەمەر، ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد و پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و بەردەوامی خەباتی ڕاسان چالاکی تەبلیغییان لە شاری کرماشان بەڕێوە برد.

لەو چالاکییەدا، لە تاقەوەسانی شاری کرماشان، تێکۆشەرانی دێموکرات بە نووسینی دروشمگەلێکی وەک: ۱۱ی بانەمەر، ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد پیرۆز بێت، ڕاسان بەردەوامە، بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەروەها بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

، نیشتمانپەروەرانی دێموکرات لە گوندی "هەرسینێ"ی سەر بە شاری مەریوان، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و مەحکووم کردنی جاش و خۆفرۆشەکان بەڕێوە برد.

درووشمەکانی ئەو چالاکییە بریتی بوون لە: "بژی دێموکرات، بژی ڕاسان، مەرگ بەر جاش" و هتد.

هەر لەو پێوەندییەدا، کچان و کوڕانی خولیای سەربەستیی، نییەری قەڵای دێموکرات، بە بۆنەی ساڵڕۆژی لەدایکبوونی، شەهید پێشەوا "قازی محەممەد"، بە سەمای جامانە، لۆگۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ،ئاڵای کوردستان و خوێندنەوەی سروودی " خوایە وەتەن ئاوا کەی" ڕێزیان لەو ڕۆژە پڕ شکۆیە گرت.

شەوی هەینی، ۱۳ی بانەمەر، پێشمەرگەکانی شار، بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، لە بەرزاییەکانی شاری مەریوان چالاکی بێوێنەی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

پێشمەرگەکانی شار لە هەستیارترین ناوچەکانی مەریوان وەک: دەربەندی دزڵی، سەیرانگای مەیانی گوڵاڵان کە گەورەترین شوێنی سەیرانگای ناوچەکەیە و هەر گەشتیارێک کە بیەوێت بڕوات بۆ ناوچە سەیرانگەکانی تر وەکوو :دەرەکێ، دەمەوێ، تەتە و ژاڵانە و سەیرانگای هەورامانی تەخت دەبێت لەم شاخە کە ئاڵای پیرۆزی کوردستانی تێدا دەشەکێتەوە، هاتووچۆ بکەن و بە هەزاران کەسی ناوچەکە دەیبینن.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات، بە هەڵکردنی ئاڵا و جامانە پشتیوانییان لە حیزبی دێموکرات و بەردەوامیی ڕاسان دووپات کردەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هەڵکردنی ئاڵا و جامانە و نووسینی: "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران "و "ڕاسان"، لە شاری بۆکان لە شوێنەکانی وەک: ناڵەشکێنە، کولتەپە و لە گوندی ئینگیجە و لەسەر ڕێگای گوندەکانی کانی تەبەت، قلیج و ئاڵبلاغ چالاکیی تەبلغییان بەڕێوە برد.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سەقز، شەوی ۱۱ی بانەمەڕ بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و بەردەوامیی خەباتی ڕاسان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.لەو چالاکییەدا، بە نووسینی دروشمگەلێکی وەک: بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕاسان هەوێنی یەکڕیزیی گەلە، ڕاسان زامنی سەرکەوتنی گەلە و ڕاسان دژ بە تاریکی بەردەوامە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەروەها، قارەمانانی دێموکرات لە شاری بۆکان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد؛ لاوانی ئازا و چاونەترسی شاری بۆکان وێڕای هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، بە خوێنی خۆیان ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لەسەر ئاڵای کوردستان نووسی و سوێندی وەفادارییان خوارد.

هەر هەمان شەو قارەمانانی دێموکرات، لە ئاربابای بانەوە، پشتگریی خۆیان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕاسان بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی دەربڕی.

لەو چالاکییەدا، جامانە لە ملانی دێموکرات، بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و دانانی جامانە و گوڵی هەڵاڵە و نووسینی دروشمگەلێک وەک: "بژی ڕاسان"، "بژی حدکا"، "بانە بەکاتی ڕاسان"و "ڕاسان بەردەوامە"، خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕاسانیان بەرز نرخاند.

هەر لەو پێوەندییەدا، خاکیپۆشانی مەتەرێزی شار، لە تەنگیسەری دێموکراتپەروەرەوە، بە نووسینی پەیامێک، هاوخەمیی خۆیان بۆ کۆچی دوایی فەرماندە "حەسەن سەرسپی" دەربڕی و سەرەخۆشییان لە بنەماڵەی دێموکرات کرد.

ئەندامانی و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە نووسینی دروشمی تایبەت بە مەحکوومکردنی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیم و پشتیوانی لە خەباتی پێشمەرگە و حیزبی دێموکرات، بەگژ داگیرکەردا چوونەوە.

لەو چالاکییەدا، لە شاری مەهاباد، تێکۆشەرانی دێموکرات بە نووسینی دروشمگەلێکی وەک: بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕاسان بەردەوامە و مەرگ و نەمان بۆ سپای تێرۆریستی پاسداران، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

# ڕاسان بۆچی گرینگە؟



شەماڵ تەرغیبی

وتەیەکی بەناوبانگ هەیە دەڵێ: ئەگەر دوژمن یان نەیارەکەت بەرامبەر بە ئاکارێکی تۆ دژکردەوەی توندی لەخۆ نیشان دا بزانە کە کردارەکە درووست و شوێندانەر بووە.

هەموو جموجۆڵێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی لە پاش خۆی کۆمەڵێک باس و خواست و ئەگەر و پرسیار دەخولقێنێ کە هەندێک جار ئەم شەپۆلانە خەڵکانێک تووشی دڵەڕاوکێ و دڕدۆنگی دەکات کە هەم جووڵەکە شوێن و کاریگەری لێوەردەگرێ و هەمیش کاریگەری لەسەر باوەڕمەندانی دادەنێت!

لە پاش ڕاگەیاندنی شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵات ناسراو بە ڕاسان، وەک جووڵەیەکی بەربڵاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە خۆرهەڵاتی نیشتمان، وەک چاوەڕوان دەکرا ئەم شەپۆلانە، هەندێک جار بەتەوژم و هەندێک جاریش بە ئارامی و بێهێزی دەستیان پێکرد و هەتاکوو ئێستاش کە زیاتر لە ٣ ساڵ بەسەریدا تێدەپەڕێ هەر بەردەوامن؛ لەلایەکەوە کۆماری ئیسلامی وەک دوژمنی سەرەکی کورد هەوڵ دەدات بە بێ ئەنجام و بەستراوە بیناسێنێ و لەلایەکیشەوە نەیارانی حیزبی دێموکرات لە ئەنجام و هەنگاوەکانی دڕدۆنگی درووست دەکەن و هەوڵ دەدەن کۆسپ بخەنە بەر ڕێگاکەی.

دیارە زۆر ئاساییە کە لایەنێکی وەک کۆماری ئیسلامی دژکردەوەی هێستریکی لەو چەشنە نیشان بدات، بەڵام خوێندنەوەی ساویلکانەی ئەو لایەنانەی کە خۆماڵین جێگەی داخە کە هەندێک جار بە کەفوکوڵ سازکردن هەوڵی کەڵکاژۆوەرگرتن لە هەست و سۆزی خەڵک دەدەن و لەباتی هێنانەوەی بەڵگەی لۆژیکی و سەرنجخستنە سەری و لە ئەنجامدا دەستنیشان کردنی لاوازییەکانی و قامکدانان لەسەر خاڵە بەهێزەکانی هەوڵ دەدەن شەنوکەوێکی سەقەت بدەن بە دەستەوە و لاوازی بکەن و خەڵکی لێ بتەکێننەوە و بڵێن ئەوەتا ئێمە ڕاست بووین و ئەوانەی باسیان لە ڕاسان دەکرد بە هەڵەدا چوون!!!

ڕەنگە باس کردن لەوەیکە ڕاسان چۆن دەستی پێکرد؟ چ جۆرە جووڵەیەکە؟ چۆن درێژەی دەبێ؟ ئەو ماکەی کە قورسایی ڕاسان پیشان دەدات چ جۆرە ماکەیەکە و دەیان پرسیاری دیکەی لەم چەشنە لە تاقەتی ئەم نووسراوە و نووسەری ئەم ڕستانە بە دوور بێت بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدرێ، ئەگەر بە کورتیش بێ، ئاوڕێکی بەڵگەمەند و لۆژیکی لێ بدرێتەوە؛ بەو هیوایەی بەشێک لەو تەمتوومانەی کە درووست کراوە بڕەوێتەوە.

هەر وەکوو زۆر جاران لە دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات یان لە زاری دۆستانی ئەم حیزبە و کۆی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە پاڵپشتی ڕاسان دەزانن وتراوە، ڕاسان بە هەبوونی ڕیشە لە ناخی مافخوازانەی شۆڕشەکانی پێش لە خۆی و لە هەلومەرجێکدا کە بێهیوایی باڵی بەسەر نیشتمانەکەماندا کێشابوو، بیچمی گرتووە و توانیویەتی ماکەی سەردەمی بوون و پێشکەوتنخوازی کە لەژێر کاریگەری هێزی شوێندانەری خۆی واتە حیزبی دێموکراتە وەربگرێ؛ ئێستاش وەک ڕاستی و حەقیقەتێکی کاریگەری کەتماننەکراوی شۆڕشی نوێ لە خۆرهەڵاتی نیشتمان خۆی دەرخستووە و چیدیکە تەنیا تیئۆری

**ڕاسان بە هەبوونی ڕیشە لە ناخی مافخوازانەی شۆڕشەکانی پێش لە خۆی و لە هەلومەرجێکدا کە بێهیوایی باڵی بەسەر نیشتمانەکەماندا کێشابوو، بیچمی گرتووە و توانیوەتی ماکەی سەردەمی بوون و پێشکەوتنخوازی کە لەژێر کاریگەری هێزی شوێندانەری خۆی واتە حیزبی دێموکراتە وەربگرێ.**

یان بەرنامەیەکی زێهنی یان فەرزی نییە چونکە بە کردەوە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و لەم ڕاستایەشدا تێچوویەکی قورسی بۆ داوە و لە هەمان کاتیشدا توانیویەتی هیوایەکی بەهێز بۆ داهاتووی گەلی کورد ساز بکات؛ هیوا لە نێو گەلێکدا کە لە بڕگەیەکی زەمەنی دیاریکراودا تووشی ناهۆمێدی کرابوو و هیچ ئاسۆیەکی ڕوونی تێدا بەدی نەدەکرا. دیارە نابێ ئەوەش لەبیر بکرێت کە ڕاسان لەگەڵ هەموو خاڵە بەهێزەکانی خاوەنی چەند خاڵی لاوازیشە کە پێویستە لەلایەن ئەندازیار و بەڕێوەبەرانییەوە ئاوڕی جیددی لێ بدرێتەوە تاکوو ئاستی خەسارەکان کەم و کەمتر ببنەوە، بەڵام ئەوەیکە گرینگە لێرەدا بیزانین ئەوەیە کە دەبێ چی بکرێت بۆ ئەوەی بەهێزتر ببێت و بتوانێ دواجار گەل بکاتە هێزی شوێندانەر؟

یەکەم پێشمەرج بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بریتییە لە "خۆنوێکردنەوە"؛ خۆنوێکردنەوە بەو مانایە کە حیزبی سیاسی مەسئول بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی وەها مەزن (لێرەدا مەبەست گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینە) کاتێک بڕیار دەدات کە شێوازی خەباتەکەی بگۆڕێت و گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەردا بێنێت (کە لێرەدا مەبەست ڕاسانە) پێویستی بەوەش هەیە کە ئامرازی جێبەجێکاری ئەو شێوازە خەباتە (کە هەمان حیزب یان ڕێکخراوە) گۆڕانی پێکهاتەیی لە خۆیدا پێک بهێنێ تاکوو بتوانێ ساناتر و بە تێچوویەکی کەمترەوە بە ئامانجە سەرەکییەکەی بگات. هەروەک چۆن لە "بڕیارنامەی پێکهاتەی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەسندکراوی کۆنگرە ١٦هەم"دا هاتووە: " کاتێک حیزبی سیاسی تێگەیشتنی واقعبینانەی لە ژینگەی سیاسی، کلتوری، ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆی هەبێ، هەوڵ دەدا لە خۆگونجاندن لەگەڵ ڕاستییەکان بە زووترین کات ئەم گۆڕانە بۆ داهاتووی خۆی بکاتە سەرمایە و لەم ڕێگایەوە تواناکانی خۆی پێ بەرێتە سەرێ."

کەواتە وەڵامی ئەوەی چی بکەین تاکوو زیاتر بەهێز بین؟ لە چەند ڕوانگەوە گرینگ و پێویستە: یەکەم ڕاسان بریتییە لە خەباتی شار و شاخ. کەواتە هەم ئەرکی پێشمەرگە( چ لە شار و چ لە شاخ) پێویستی بە دووبارەپێناسەکردنەوە هەیە و هەمیش ئەرکی تاک بە تاکی کۆمەڵگە لە هەموو چین و توێژەکان. دووهەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان (چ خۆرهەڵاتی کوردستان و چ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان) دەبێ شوێن و جێگەی خۆیان بە درووستی بیبیننەوە و وەک ئەرکێکی مێژوویی (رسالت تاریخی) سەیری مەسەلەکە بکەن چوونکە بە نەبوونی هاوپێوندی و نیزیکایەتی سیاسی لەنێو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕاسان ئەستەمتر دەبێت؛ سێهەم هەموو ئەرکەکان نابێ بخرێتە سەر شانی پێشمەرگە و وەک هێزی ڕزگاریدەر سەیر بکرێت یان بەپێچەوانەوە هەموو ئەرکەکان بخرێتە سەر شانی شار و پێشمەرگە تەنیا چاولێکەر بێت بەڵکوو بە تێهەڵکێشکردنی شێوازەکانی خەبات چ لە شار و چ لە شاخ و هەروەها پشتگیری کردنی ئەم دوو جەمسەرە لە یەکتر، دەکرێ ڕاسان بە گڕوتینێکی زیاترەوە بەرەو پێش بڕوات.

**هەموو ئەرکەکان نابێ بخرێتە سەر شانی پێشمەرگە و وەک هێزی ڕزگاریدەر سەیر بکرێت یان بەپێچەوانەوە هەموو ئەرکەکان بخرێتە سەر شانی شار و پێشمەرگە تەنیا چاولێکەر بێت بەڵکوو بە تێهەڵکێشکردنی شێوازەکانی خەبات چ لە شار و چ لە شاخ و هەروەها پشتگیری کردنی ئەم دوو جەمسەرە لە یەکتر، دەکرێ ڕاسان بە گڕوتینێکی زیاترەوە بەرەو پێش بڕوات.**

لەم دۆخ و قۆناخە نوێیەدا، چیدیکە پێویست ناکا تەنیا شاخ ببێتە مەکۆی بەرخودان و شۆڕش بەڵکوو شاریش دەبێ ببێتە بەشێکی دانەبڕاو و شوێندانەر لەم خەباتە و وێڕای بارهێنانی پێشمەرگەی نوێ لە سەنگەری شار (قوتابخانە، زانکۆ، بازاڕ و ...) بە شێوازی نوێ و پێویست پەروەردەیان بکا. پەروەردەیان بکات تاکوو لەم بەرگ و ئەرکە نوێیەدا، ژنان و پیاوان، کچان و کوڕان، لە نێو شارەکاندا بەو زمانە لەگەڵ ڕێژیم قسە بکەن کە تێی دەگا. پێشمەرگەش بە ئامادەبوونی لەنێو دڵی خەڵکدا وێڕای ورەدان بە خەڵک بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش دەبێ ئەرکی پاراستنی خەڵک لە ئاگری قینی دوژمن وە ئەستۆ بگرێ چوونکە لەم قۆناغە بەدواوە پێشمەرگەش وەک خەڵک ڕزگاریخوازە نەک ڕزگاریدەر!

بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر نموونەیەک لەسەر ژنان و ڕاسان دەهێنینەوە: ئەگەر باوەڕمان وایە کە ڕاسان لە گشتیەتی خۆیدا و لە پێناو ڕزگاری نەتەوەییدا خەباتی شاخ و شار لێکگرێ دەدا، دەبێ باوەڕ بەوە بێنین کە ژنان نیوەی کۆمەڵگای ئێمە پێک دێنن کەواتە دەبێ کار بۆ لێکگرێدانی خەباتی نەتەوایەتی و خەباتی ژنی کورد لە پێناو مافەکانیدا بکەین؛ بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لەپێشدا باوەڕ بەوە بێنین کە ژنی کورد ئەمڕۆ بەشی گرنگی سەرمایەی مرۆڤی کۆمەڵگەی کوردی پێک دێنێت و مادام ڕاسان شارتەوەرە و پەرەسەندنی پرۆسەی شارنشینی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قۆناغێکی نوێی تێپەڕاندووە کەواتە دەبێ ڕاسان کەڵک لەو سەرمایە مرۆڤییە وەرگرێ بەتایبەت کە ئێستە بەپێچەوانەی ڕابردوو زیاتر لە ٧٠٪ی ژنان و کچانی کوردستان دەرچووی زانکۆکانن و دەتوانن وەک خۆیان ڕۆڵی شوێندانەر بگێڕن؛ ئەم ڕاستییە دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی کە بە بێ لێکگرێدانی خەباتی نەتەوایەتی و خەباتی ژنان بۆ مافەکانیان، ڕاسان ناتوانێ بە ڕادەی پێویست ژنان تەیار بکات.

**: ئەگەر باوەڕمان وایە کە ڕاسان لە گشتیەتی خۆیدا و لە پێناو ڕزگاری نەتەوەییدا خەباتی شاخ و شار لێکگرێ دەدا، دەبێ باوەڕ بەوە بێنین کە ژنان نیوەی کۆمەڵگای ئێمە پێک دێنن کەواتە دەبێ کار بۆ لێکگرێدانی خەباتی نەتەوایەتی و خەباتی ژنی کورد لە پێناو مافەکانیدا بکەین.**

لێرەدا نابێ خاڵێکی جەوهەریش لە بیر بکەین ئەویش بریتییە لە بوونی هێزێکی خاوەن ئەزموون لە خەباتی ڕابردووی گەلەکەمان دژ بە زۆرداری؛ بێگومان هەر شکستێک کە لە مێژوودا هەیە ڕاستە شکستە بەڵام وانەیەکیشە بۆ داهاتوو، هەر بۆیەش دەبێ ئەوە یەکێک لە بابەتەکانی دەوڵەمەندکردنی ڕاسان و تەنانەت شاکلیلی گەیشتن بە سەرکەوتنەکانی دواتر بێت.

جیا لەو باس و خواستانەی کە کران دەبێ ئەم کەتوارەشمان هەمیشە لەبیر بێت کە ڕاسان خەباتێکی فرەڕەهەندە؛ واتە تەنیا یەک ڕەهەندی چەکداری یان مەدەنی یان ڕێکخراوەیی یان دیپلۆماسی یان ڕاگەیاندن نییە بەڵکوو هەموو ئەوانە لەخۆدەگرێت و بەهێزبوونی هەموو ئەو بوارانەش بەرنامە و پلانی کورتخایەن و درێژخایەنی پێویستە کە لە کۆتاییدا هێزی ڕاستەقینەی ڕاسان دەردەخەن.

دواوتە:

گرینگترین ئەرکی ئێمە لە ئێستەدا کە ئێران و کۆمەڵگەی ئێران شاهێدی گۆڕانی بەرهەستن بریتییە لە بەهێزکردنی ڕاسان بە لەبەرچاو گرتنی ئەو وتە بەناوبانگە کە دەڵێت کوردەکان هیچ دۆستێکیان نییە جگە لە شاخەکانیان، تەنانەت خۆشیان دۆستی خۆیان نین! لە نێوان خۆمان و شاخەکانمان، شاخەکانمان دۆستێکی باشترن بۆمان. ڕاسان پێویستی بەوە هەیە کە بچێتە ئاستێکی دامەزراوەییەوە و دامەزراوە و ئۆرگانەکانی حیزب بگرێتەوە. گرینگی ئەم باسە ئەوەیە کە کاتێک ئێمە لە ڕاگەیاندندا ڕاسانمان دەست پێ کردووە ئەگەر دامەزراوەکانمان و ئۆرگانەکانمان بە شێوازێکی شایستە و فەراخۆری ناو و توانا و پێگەی ڕاسان ڕێک نەخرێن ئەوا ئاستی خەساردیتوویمان لە بەرامبەر دوژمنەوە زۆرتر دەبێت، بۆیە ئەرکی سەرەکیمان ئەوەیە کە دەزگاکانمان و دامەزراوە و ئۆرگان و ڕێکخراوەکانمان بە ڕاسانی بکرێن و بچنە ئارایشی ڕاسانەوە.

دژکردەوەکانی کۆماری ئیسلامی و نەیارانی حیزب لە پاش دەسپێکی ڕاسان و هەوڵدانیان بۆ لەمپەڕخستنە بەردەم خەباتی نوێی ڕۆژهەڵات لە کۆتاییدا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ وتەی یەکەمی ئەم وتارە کە دەڵێ: " ئەگەر دوژمن یان نەیارەکەت بەرامبەر بە ئاکارێکی تۆ دژکردەوەی توندی لەخۆ نیشان دا بزانە کە کردارەکە درووست و شوێندانەر بووە."

کەواتە ڕاسانتان باش ڕاسانییان.

# تێرۆر بە تامی فوتباڵ



**جەماڵ ڕەسووڵ دنخە**

پرسی تێرۆر و تێرۆیست بوونی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە سەردەمی ئێستادا بابەتێکی سەیر نییە کە باسی لێوە دەکرێت بەڵکوو هەموو دەسەڵاتدارانی ناوەندی ئێران لە مێژوودا کردەوەی تێرۆریستییان ئەنجام داوە.
لە سەردەمی قاجارییەکاندا ئەمیرکەبیر بە دەستی ناسرەدین شا لە حەمامی فینی کاشان کوژرا. لە سەردەمی ڕەزاشادا سمکۆی شکاک، سەید حەسەن مودەڕس، میرزادەی عشقی و چەند کەسی دیکە تێرۆرکران. لە سەردەمی دەسەڵاتی محەممەد ڕەزا شای پاڵەویدا عەبدولحوسێن هەژیر، نووسەر و ڕووناکبیری کورد، ئەحمەد کەسرەوی، عەلی ڕەزم ئارا، حوسێن فاتمی و حوسێنی عەلا تێرۆر کران.
هێنانەوەی ئەو نموونە تێرۆرانە بۆ ئەوەیە کە ئەو بەرچاو ڕوونییەمان هەبێت کە دەسەڵاتەکانی ناوەند بە درێژایی مێژوودا دوو پێناسەی سەرەکیان هەبووە و ئێستاش هەیانە کە ئەویش بریتیە لە: یەکەم لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندی، دووهەم ڕاگرتنی دەسەڵات بە زەبری تیرۆر و زۆرداری و کوشتن.
کاتێک لە باسی تێرۆردا دەچینە قۆناغی دوای شۆڕشی ٥٧ەوە، دەبینین کە کردەوەی تێرۆر بە دەستی کاربەدەستانی ناوەندی نەتەنیا درێژەی هەبووە، بەڵکوو تیۆریزە کراوە و بەرێکخراوتر و بەربڵاوتر ئەنجام دراوە.
لە دوای شۆڕشی ٥٧ دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران چ ئاخوندەکان و چ بەناو ڕۆشنبیرەکان لە یەکەم ساتەکانەوە بە جێگای گفتوگۆ و پێکەوەدانیشتن بۆ چارەسەریی کێشەکان دەستیان بۆ تیرۆر برد و دژبەرانی خۆیان لەناو برد.
ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت هەموو جیابیران و هەر کەس و لایەنێک کە دەسەڵاتی تارانی قەبووڵ نەبێت وەکوو "دشمن، مفسدان فی الارض، دشمنان امنیت، تجزیه طلبان" و هەندێک ناو و ناتۆرەی دیکە ناویان دەبات.
کاربەدەستانی تاران خۆشیان دان بەوەدا دەنێن کە کردەوە تێرۆریستییەکانیان بووەتەوە هۆی ڕووخانی سیاسەتی ئەوان لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێراندا.
ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی، دیپلۆمات تێرۆریستی ڕێژیمی ئێران حوسێن مووسەویان، ئاشکرای کرد کە تێرۆری دوکتور قاسملوو و هەندێک لە جیابیرانی دیکە لە ئورووپا بوو بە هۆی ڕووخانی سیاسەتی ئێران.
مووسەویان باسی لەوە کردبوو کە لە کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی، عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمی ئێران ستراتیژی "غرب منهای آمریکا"ی جێبەجێ کرد. لەو گەڵاڵەیەدا خامنەیی و هاشمیی ڕەفسەنجانی وەک جێبەجێکەرانی ئەو گەڵاڵەیە دەسنیشان کرابوون.
مووسەویان دانی بەوەدا نابوو کە تێرۆرەکانی ئەو ڕێژیمە هۆکاری هەڵوەشانەوەی ستراتیژیی نیزام لە دەرەوەی وڵات بووە.
جیا لەوەش هەواڵدەریی "مێهر" سەر بە ڕێژیمی ئێران لە زاری عەلی خامنەیی بە فەرمی بڵاوی کردبووە کە تێرۆری میکۆنوس ئورووپای گەورەی کردەوە.
چەندین نموونەی دیکە هەیە کە جار جار کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە باس لە تێرۆریست بوونی یەکتری دەکەن. لە نوێترین حاڵەتەدا "عەلی دایی" یاریزانی فوتباڵی ئێران بڵاوی کردووەتەوە کە "سەردار غەفووری" هەمان ئەمیرمەنسوور بۆزۆرگیان"ە.
یەکێک لەو تێرۆریستانەی کە پاش ئەنجامدانی مەئموورییەتەکەی و تێرۆرکردنی نەمر دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی و گەڕانەوە بۆ باوەشی ڕێژیم، بە دەمامک و ناوی نوێ و نهێنییەوە لە چەند شوێنی ئەو وڵاتەدا بەرپرسایەتیی گەورەتری پێ دراوە، تێرۆریست "ئەمیرمەنسوور بۆزۆرگیان" بوو، کە یەکێک لە داڕێژەران و بکەرانی سەرەکیی کردەوە تێرۆریستییەکەی ڤییەنی پێتەختی وڵاتی ئۆتریش و بکوژی ڕێبەرانی کورد بووە، کە پاش چەندین خەڵات و بەرپرسایەتی، لە کۆتاییدا بە ناوی نهێنیی "سەردار غەفوور" بەرپرسایەتیی حەراسەتی گشتیی دەنگوڕەنگی ڕێژیم و پاشان بە ناوی "مستەفا مۆدەبێر"، بەرپرسی گشتیی کۆمپانیای سایپای ئێران و هاوکات سەرپەرەستیی تیمی فووتباڵی سایپای ئێرانی پێ دراوە.
لەمبارەوە و لە ڕۆژانی ڕابردوودا، لە میانەی دەمەقاڵەیەکی نێوان "عەلی دایی" و ئەو تێرۆریستەدا، عەلی دایی لە بەرنامەیەکی "نەوەد"ی کاناڵی ٣ی نێوخۆیی ڕێژیم، دەمامکی ئەو تێرۆریستە لابرد و یەکێک لە ناوە نهێنییەکانی ئاشکرا کرد و وتی: ""من کەسێک بە ناوی "مستەفا مۆدەبێر" ناناسم و ئەو کەسە بۆ من بوونی نییە. تاکوو ئەو جێگایەی کە من بزانم و لە بیرم بێت، ئەو کەسە کاتی خۆی بە ناوی "سەردار غەفوور" و بەرپرسی حەراسەتی گشتیی دەنگوڕەنگ بوو. زۆرم پێ سەیر بوو کە ئەو کەسە لە بەرنامەی نەوەددا خۆی بە مستەفا مۆدەبێر ناساند، پاش ئەوەیکە کەمێک قسەی کرد، تۆنی دەنگیم ناسییەوە و بۆم دەرکەوت کە ئەو کەسە هەمان سەردار غەفوورییە و خەڵکی پارێزگای ئەردەبێڵە".
عەلی دایی، لە درێژەی قسەکانیدا وتوویەتی: "سەردار غەفوور، بەرپرسی حەراسەتی گشتیی دەنگوڕەنگ چۆن بووەتە مستەفا مۆدەبێر بەرپرسی کۆمپانیای سایپا و سەرپەرەستیی تیمی تۆپیپێی سایپا، من نازانم؟، خۆزگە کەسێک لە ئیدارەی تۆمارکردنی کەسیەتییەوە دەهاتە ئێرە تاکوو لێی بپرسم کە چۆنە کەسێک دەتوانێت بەو شێوەیە چەندین جار ناو و ناوبانگی خۆی بگۆڕێت"؟
ئەمیر مەنسوور بۆزۆرگیان، ئەندامی سەرەکیی تیمی تێرۆریستیی ڕێژیمی ئێران، لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، لە وڵاتی ئوتریش بوو کە بە ناوی دیپلۆماتکارانی ڕێژیم بۆ وتووێژ لەسەر پرسی کورد لەگەڵ ڕێبەرانی کورد بە سەرپەرەستیی دوکتور قاسملوو، لە شاری ڤییەن لە لایەن ڕێژیمەوە نێردرابوو، کە ئەو تیمە دوکتور قاسملوو و هاوڕێیەکانیان تێرۆر کرد.
لە ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێموکرات و ڕێبەری نەتەوەی کورد، لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر، نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئۆتریش و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ خەڵکی باشووری کوردستان و دۆستی حیزب و خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە مەبەستی چارەسەریی ئاشتییانەی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر مێزی وتووێژ لەگەڵ دیپلۆمات تێروریستەکانی ڕێژیمی ئێران بە سەرپەرەستیی محەمەدجەواد سەحراڕوودی و ئەمیر مەنسوور بۆزۆرگیان و ....دانیشتبوون، تێرۆر کران و پەیوەست بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدانی کورد و کوردستان بوون.

# لەقوڕچەقینی هەنگاوی دووهەمی شۆڕشی ئاخوندان



**هیوا خانی**

دەوڵەتان و دەسەڵاتداران لە دێرزەمانەوە بۆ بەرژەوەندی و پەرەپێدانی دەسەڵات و حاکمییەت و پانوپۆڕ کردنی کەوشەنی حوکمڕانی خۆیان هێرشیان کردۆتە سەر وڵاتانی دەروجیران یان خستویانەتە سەر سنووری خۆیان یان بە شێوەی کۆڵۆنی (مستعمره) بەڕێوەیان بردووە. دەنا بە بیانووی ئاوەدانکردنەوە (استعمار) کەڵکی پێویستی خۆیان لێوەرگرتووە.
وڵاتی ئێرانیش هەرچەند گەلێک ساڵە وەک مەملەکەتێکی کەونار و لەمێژینە و خاوەن قەڕاڵ (امپراتور) و پاشا و دەسەڵاتدار بووە بەڵام بەهۆی فرەنەتەوەیی بوونی ئەم کیانە دەسەڵات هەردەم بە دەست نەتەوەیەکەوە بووە. کاتێک کورد و کاتێک فارس و دەمێک تورک پاشا و سوڵتان و خاوەن دەسەڵات بوونە. پاش پاشاکانی ئوستوورەیی ( اساطیری ) و دەسپێکی مودێرنیتە و دامەزراندنی دەوڵەت - نەتەوە کە لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ کەمتر لە دووسەد ساڵی ڕابردوو، ئێران قەت بە شێوەی تەواو سەربەخۆ بەڕێوە نەچووە! چ باجی دابێ، چ نیمە کۆڵۆنی بووبێ، چ لە ژێربەژێرەوە دەسەڵاتیان هەڵچەرخاندبێ، چ ڕاستەوخۆ دەستێوەردانیان کردبێ. بەگشتی کەم جار بووە کە بە تەواوی سەربەخۆ بووبێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر دەسەڵاتی کز و لەرزۆکی بەناو پاشایانی ئێران کە نەیانتوانیوە خۆیان لە هێژمۆنی وڵاتانی زلهێز و بەرژەوەندیخواز و داگیرکەر دەرباز بکەن. یان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بە هاوکاری بێگانە توانیویانە دەسەڵات بۆخۆیان قۆرغ بکەن و بە هێزی بێگانە حکومەت بەسەر گەلانی ئێراندا بکەن! بەڵام هەر کە لاقیان خوار داناوە و لە بەرەی خۆیان زیاتر پێیان ڕاکێشاوە و خەتیان خوار کردووە، پەتەیان لێ بە ئاوێ داداون و پشتیان تێکردوون؛ خەڵکیش تەخت و تاجی لێ تێکداون و هاویشتونییەتە زبڵدانی مێژووەوە.
لە سیاسەتی دەوڵەتاندا ئەوەی نەگۆڕە بەرژەوەندییە. دۆستایەتی بە پێی بەرژەوەندی دیاری دەکرێ، کاتێک حەمەڕەزاشا دروشمی " بە سوی تمدن بزرگ " ی هەڵگرت، ئامریکا لە نییەت و نەزەری حاڵی بوو، وردە وردە پلیتەی عومری داکێشا و ڕێژیمی بەرەو کزی برد! ناڕاستەوخۆ بە پێی گەڵاڵە و خەونێک کە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هاوتەریبی بەرژەوەندییەکانی خۆی تەدارەکی دیبوو داکۆکی لە هاتنە سەرکاری ئیسلامێکی بناژۆخواز کە بتوانێ لە بەرامبەر دنیای چەپدا ڕابوەستێ و هاوکات ببێتە لەمپەرێک بۆ دەستوێڕانەگەیشتنی یەکێتی سۆڤیەت بە ئاوە گەرمەکان! دەستی لە لایەنگری دۆستی لەمێژینە و ژاندارمێری کەنداو هەڵگرت و ڕێگای بۆ هاتنە سەرکاری مەلاکان خۆش کرد! تەنانەت پاش دەربەدەربوونی حەمەڕەزاشا ئامریکا مافی پەنابەرێتی پێ ڕەوا نەبینی!
پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دزینی لە لایەن مەلاکانەوە بە دروشمی دژە ئیمپریالیستی و پاشان گرتنی کۆنسوولخانەی ئامریکا لە تاران و بڵاوکردنەوەی ئەسناد و ئارشیوی کۆنسوولخانەکە بە ناوی شۆڕشی دووهەم، ئامریکای بە تەواوی سڕ کرد! دروشمی " مرگ بر آمریکا " و " اسرائیل باید از بین برود " و " نە شرقی و نە غەربی ..." هتد، بووە درووشمی سەرەکی سەرانی ئێران کە هەر بەم درووشمانە تەواوی دژبەرانی خۆیان بە ناوی سەر بە ئیمپریالیست بوون و نۆکەری بێگانە و بەکرێگیراوی ئیسرائیل لەنێو برد و لە دەرەوە تیرۆریان کردن. ئەو دروشمە بریقەدارانە و ئیسلامخوازی و هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوە، ڕێگایەک بوو بۆ خزمەت بە شیعەکانی جیهان و سەپاندنی هێژمۆنی ئیسلامی نابی محەممەدی، تۆ بخوێنەوە دیکتاتۆری ویلایەتی فەقیهی!. تا جێگایەک کە ئەمڕۆ ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوین لە لوبنان و سوورییە و عێراقەوە بگرە هەتا بەحرەین و یەمەن و پاکستان و ئەفغانستان تاکوو میسر و نێجیریە و سودان و ...، نەک لایەنگری بەڵکوو هێزی نیزامی بەکرێگیراو و سیخوڕیشی لێ دامەزراندن! کە لەژێر فەرماندەیی سپای قۆدس بە ناوی دامەزراندنی هیلالی شیعی کار بۆ دەستبەسەرداگرتنی یەکجارەکی ئەو وڵاتانە دەکەن!. هەر بۆیەش پاش ئەو سەرکەوتنانەی سپای قودس و مێش بە گامێش کردنی لای خامنەیی ئەویش بە باوەر بەو ڕاپۆرت و هەواڵانەی سپای قودس لە چلەمین ساڵوەگەڕی شۆڕشدا بەیاننامەیەکی بە ناوی هەنگاوی دووهەمی شۆڕش ( گام دوم انقلاب ) بڵاو کردەوە کە دوو تەوەری مەترسیدار لەخۆ دەگرێ " جەهادی گەورە! بۆ چێکردنی ئێرانی ئیسلامی گەورە!" (جهاد بزرگ، برای ساختن ایران اسلامی بزرگ) کە بە تەواوی بۆنی شەڕ و خوێنی لێدێ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین و وڵاتانی موسوڵمان هەروەها بۆ ئامریکاش دووپات بوونەوەی دروشمی حەمەڕەزاشایە! کە هەر دووکیان یەک ئامانجیان هەیە بە دوو ئاقاری جیاوازدا!.
بەرژەوەندی ڕێژیم لە هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە چاوی تەماحی دەوڵەتانە کە ئەوەش لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێ و ناوچە و زلهێزەکان بە تەواوی لە دژایەتیدایە. لە لایەکی دیکەوە ئەو دەستێوەردانانە کە ئەوان بە هەناردەی شۆڕشی ئەژمار دەکەن، لەبەر تێچووی زۆری لە زاری خەڵکی خۆی گرتۆتەوە خەرجی ئامانجەکانی خەیاڵی خۆی دەکا. بەو کارەی هەم خەڵکی خۆی خستۆتە قەیرانی سەختی ئابووری، هەم لەگەڵ تەواوی دنیا داری دەبەر ئاوێ ناوە و زۆر سەرەڕۆیانە بە بێ گوێدان بە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا تەڕاتێن دەکا و کەند و کۆسپ و تەگەرە بۆ وڵاتانی ناوچە و دەوروبەر ساز دەکا و حیسابیش بۆ هیچ وڵاتێک ناکا. هەر بۆیە ئەمڕۆ نەک ئامریکا و ڕۆژئاوا بەڵکوو وڵاتانی ناوچە و دەوروبەر و تەنانەت هاوپەیمانەکەی لە شەڕی سورییەش لێی هەڵگەڕاوەتەوە و بەرژەوەندییەکانیان لە سورییە تێکبەزیوە. ئێستا ئەو دژایەتی و کەڵەوەکێشییە کە بە بێدەنگی و لە پشتی پەردە لە نێوان ئێران و روسییەدا بوونی هەیە ئەگەر هەر ئاوا درێژەی هەبێ و ڕێژیمی ئێران گوێ بە بەرژەوەندییەکانی روسییە نەدا، چیوای پێناچێ کە ئەو تەکخۆرییەی مەلایان لەگەڵ دژایەتی ئاشکرا و توندی روسییە بەرەوڕوو دەبێتەوە و ئێران تاکە داشداری لە ناوچە لەدەست دەدا!
لە لایەکی دیکەوە چییەتی و ماهییەتی دوژمنکارانە و سەرەڕۆیانەی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی بۆ وڵاتانی ناوچە و دەر و دراوسێ و جیهانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕوون بۆتەوە! تەنانەت پێش خستنە ناو لیستی تیرۆری سپای پاسداران و سپای قودس ئەو برا شێعانەی ئەو هەمووە خەرجەی بۆ داناون و لە پێناو ئەواندا لەگەڵ تەواوی دنیا بۆتە دوژمن، ئەوان خۆی لێ بێبەری دەکەن و لە وڵاتی خۆیان ئەوا وەدەری دەنێن! هاوکات لەگەڵ ئەوەی سپای پاسداران دەخرێتە ناو لیستی تیرۆرەوە هێندێک ڕووداوی سروشتی لە ناوخۆی ئێران کە ڕوو دەدەن بە دەستکاری سپا و بێمۆبالاتی کاربەدەستان دەوڵەت زەرەر و زیانێکی گەورە بە خەڵک دەگا و نارەزایەتی خەڵک دەبێتە هۆی ترسی ڕێژیم لە سەرهەڵدان، بۆیە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ خەڵک بەکرێگیراوانی خۆیان لە وڵاتانی دراوسێ هێناوە و بە ناوی بەهاناهاتنەوە بە چەکوچۆڵی سەربازی لە نێو شار و گوندەکاندا بڵاوەیان پێکراوە و خەڵکیان پێ چاوترسێن دەکەن!.
ڕێژیم کە پاش هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت تاکجەمسەریی دنیای بە دەست ئامریکاوە ڕەد دەکردەوە و جیهانی ئیسلامی بە جەمسەری بەرامبەری ئامریکا ڕادەگرت و خەونی بە دامەزراندنی هیلالی شیعەوە دەدیت و زلهێزەکانی لە ناوچە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار دەهێنان و سێ مانگ لەمەوبەر ئیدیعای جەهادی گەورە بۆ چێکردنی ئێرانی ئیسلامی گەورەی ( جهاد بزرگ برای ساختن ایران اسلامی بزرگ ) وەک دروشم بۆ هەنگاوی دووهەمی شۆڕش یانی چل ساڵی داهاتووی دادەڕشت! کەچی ئەمڕۆ بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی نگرسی خۆی بەکرێگیراوانی دەرەکی بۆ سەرکوتی خەڵک و پاراستنی خۆی هەر تاقمە و لە پارێزگایەکی سەقامگیر کردوونە! حەشدی شەعبی عێراقی لە خوزستان، حیزبوڵڵای لوبنانی لە سیستان و بەلوچستان، فاتمییونی لە لوڕستان و زەینەبییونی لە تورکەمەن سەحرا و لەوانەیە هێزێکی دیکەش لە کوردستان جێگیر بکا بۆ ئەوەیکە پارێزگاری لێبکەن! تێکبەزینی بەرژەوەندییەکان لە ناوچە وای کردووە ڕێژیم کە ئیدیعای ڕێبەرایەتی جیهانی دەکرد لەبەر زێدەخوازی و سەرەڕۆیی و لاساری ئەمڕۆ ناچار بووە قوون دەماڵێ بخزێنێ و بە بێگانە پاسەوانی لە خۆی بدا!.

# مافیا بوونی ڕێکخراوی تێرۆریستیی سپای پاسداران



دوکتور ئاوات سارۆج

سپای پاسداران دڕندەترین، ترسناکترین و سەرەکیترین هێزی سەرکوتکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە بۆ جەنایەت، تیرۆر، تالان و هەروەها بۆ پاراستنی ڕێژیمی فاشیزمی مەزهەبی - میللی و تۆتالیتەری کۆماری ئیسلامی دامەزراوە!

ڕێکخراوێکی تێرۆریستی کە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بناغەی دەسەڵاتخوازی، قۆرغکاری و تۆندئاژۆیی بە کوشتوبڕ و تالان دەستی پێکردووە و ناسنامەی تیرۆریست بوونی بۆ خۆی هەڵگرتووە .

گاردی ملی، گاردی ئینقلاب، گاردی دانشگاکان(پاسا) و سازمانی موجاهدینی ئینقلابی ئیسلامی لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیدا لە ساڵی ٥٧ی هەتاوی بۆ پاراستنی دەوڵەتی کاتیی دامەزران و پاشان بە دەستوری خومەینی لە لایەن شۆرای ئینقلابی ئیسلامیدا لە هەژدەی نەورۆزی ٥٨ی هەتاوی تێکەڵ بوون و بە تێپەڕبوونی زەمان ڕێکخراوی سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی بە سەرەکیترین هێزی نیزامی ڕێژیم پێناسە کرا کە لە هەموو دەسەڵاتی سیاسی —نیزامی و ئابووریی ڕێژیم دەخاڵەتی هەیە .

ئەم هێزە وەک پارێزەری نیزامی کۆماری ئیسلامی ناوزەد کرابوو کە لە ئەساسدا بەناوی شۆرای فەرماندەهی سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی و لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیدا، لە لایەنی خومەینی و بە شێوەی ڕەسمی لە ڕۆژی ٢ی بانەمەڕی هەمان ساڵ، بە ناوی ڕێکخراوی سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی، بە نیەت و ئامانجی پاراستن و هەناردەکردنی شۆڕش دامەزراوە. ئەم ڕێکخراوە هەر ساڵە ڕۆژی لەدایکبوونی ئیمامی حوسەین(سێهەمین ئیمامی شیعەکان) وەک ڕۆژی خۆی (پاسدار) پێناسە دەکات؛ جێی سەرنجە کە ڕۆژی بیستی نەورۆزی ٩٨ی هەتاوی ڕۆژی پاسدار بوو کە ئامریکا ڕۆژێک پێشتر سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی ئیرانی خستە لیستی تیرۆرەوە.

چارتی ڕێکخراوەیی سپای پاسداران پێنج بەشە کە لە هێزی زەوینی، هەوایی، دەریایی، بەرخۆدانی ( مقاومەتی بەسیج) و هێزی قودس پێکهاتووە کە ئەم ڕێکخراوە (سپای پاسداران ) ستادی هاوبەشی سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامیی هەیە کە بەرپرسی هاوئاهەنگی و فەرماندەیی ئەم پێنج هێزەی لە ئەستۆیە. دوو پێکهاتەی دیکەی ئەم ڕێکخراوە بەناوەکانی حەوزەی نوێنەرایەتی وەلی فەقیە، کە سەربەخۆ لە ساختاری فەرماندەیی و لەژێر نەزەری ڕێبەری ڕێژیمە و سازمانی پاراستنی ئیتلاعات کە تاڕادەیەک سەربەخۆ لە ساختاری فەرماندەیی سپایە و فەرماندەکەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەفتەری گشتی پاراستنی ئیتلاعات لە دەفتەری ڕێبەری و شەخسی ڕێبەری ڕێژیم پێوەندیی هەیە و ڕاپۆرتی خۆی بەو دەداتەوە .

سپای پاسداران وەک هێزی باڵادەست لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بۆ سەرکوت، زیندانی کردن، ئەشکەنجە، دەستێوەردان لە هەر چەشنە ئینتسابێک لە نێو ڕێژیم، جومگەی ئابووریی ئێران، قاچاخی ماددە هۆشبەرەکان، چەکوچۆڵ، چاوەدێری، کۆنترۆڵ و کەشفی دژبەرانی نیزام، تیرۆری دژبەرانی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران، هەروەها پەروەردەی گرووپە تێرۆریستییەکانی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران، سەرکوتی هەر چەشنە جموجوڵێکی نێوخۆیی (جموجوڵی سیاسی —فەرهەنگی —کۆمەڵایەتی و ....) هەتا دەخالەت لە هەر چەشنە شەڕێک لە نێو دەوڵەتانی مەنتەقە و شەڕە نیابەتییەکان، وەک ئەرک، بەرنامە، ئایدئۆلۆژی و پەیامێک بۆ مانەوە و سەقامگیری نیزامی کۆماری ئیسلامی پێ ئەسپێردراوە جێبەجێی دەکات. فەرماندەکانی سپای پاسداران لەگەڵ هەموو بەرپرس و کاربەدەستانی پلەداری ڕێژیم، لە قۆرخکردن و بەتاڵانبردنی سەرمایەی ئەم وڵاتە (ئێران بە گشتی ) بە شێوەی مافیایی دەستی باڵایان هەیە. لە سەر ئەم ئەساسە ئەوەیکە ئاشکرایە نفوزی لەڕادەبەدەری سیاسی —ماڵی ئەم ڕێکخراوەیە کە باندۆری یەکلاکەرەوەی لە ڕووداوەکانی ئێستا و داهاتووی وڵاتی ئێران هەیە. دخاڵەتی سیاسی، نیزامی و سەرکوتکەرانەی ئەم هێزەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی بە بیانوی جۆراوجۆرەوە باندۆری لە سەر کێشەی ئابووریی وڵاتی ئێران هەبووەو تاک بە تاکی خەڵکی ئەم وڵاتەی تووشی قەیرانی ئابووری، فەقر و هەژاریی لە ڕادەبەدەر کردووە .

دەستێوەردان و قۆرخکاری هەموو فەرماندە و بەرپرسانی پلەداری ئەم هێزە بە هاودەستی زۆرترین بەرپرسی پلەداری سیاسی-ئیداری ڕێژیم لە پرسە ئابوورییەکانی ئێران وەک بەدەستەوەگرتنی هەموو جومگەکانی ئابووری و کۆمپانیا دەوڵەتی و تەنانەت تایبەتیەکانیش، لەگەڵ هەموو نیهاد و ئۆرگانەکانی حکومەت پێکەوە، هەموو چەشنە گەندەڵییەکی ماڵی و ئیداری تێکەڵ بە ئیدئۆلۆژی ئامانج، سیاسەت و فەرهەنگی فاشیستی-مەزهەبی و میللی خۆیان کردوون و لە ناخیان نەهادینە کراوە.

کارنامەی ڕەشی سپای پاسداران، هێزی بەسیجی، هێزی ئینتزامی، وەزارەتی ئیتلاعات، ئەرتەش، لیباس شەخسی، ئۆمەتی حیزبوڵا و مزدوورەکانی سەر بە ئەم ڕێکخراوە تێرۆریستییە بە دخاڵەت و دەستێوەردان لە ژیانی خەڵک، ئێعدامی تاک و بە کۆمەڵ بە ئاشکرا و نهێنی، ئەشکەنجە، تیرۆری دژبەرانی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، تالان و دەسبەسەرداگرتنی ماڵ و ملکی خەڵک، ئیختلاس، ڕشوە و باجگیری، گەندەڵی و دزیی بە میلیارد دۆلاری، قاچاخی ماددەی هۆشبەر، چەکوچۆڵ، ئاموزش و پەروەردەکردنی جاسوس و تیرۆریست، دخاڵەت لە جەنگی مەنتەقەیی، ئاموزش و چەکدارکردنی هێزە تێرۆریستییە ئیسلامییەکان بەتایبەت لە ئاسیا و ئافریقا، دوژمنی لەگەڵ شادی و جەژنی خەڵکی ئێران، سەرکوتی هەر چەشنە جووڵەیەک دژ بە ڕێژیم، دەستبەسەرداگرتن و زیندانی کردنی ڕخنەگران، موخالفینی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، دژایەتی و سەرکوتی بەردەوام و سیستماتیک دەرحەق بە ژنان، دژایەتی توند و لەڕادەبەدەری کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە سەر ناوی ئێرانی ئیسلامی- شیعی و یەک نەتەوەیی و بە گشتی بەدەستەوەگرتنی زۆرینەی کەرتی ئابووری و بنکەو کۆمپانیا وە بەرهەمهێنەرەکان، هەناردە و هاوردەکردنی شتومەکی پێویست بۆ هەموو ئێران و دەستبەسەرداگرتنی پۆستە باڵا و کلیدییەکانی ڕێژیم لە بواری سیاسی —ئەمنیەتی، ئابووری — ئیداری و فەرهەنگی —مەزهەبییەوە ئەم ڕێکخراوە پێناسە دەکرێت.

هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم تەنیا لە سپای پاسداران خولاسە ناکرێن و هەموو لقوپۆی ئەم هێزانە لە چوارچێوەی پاراستنی سیستمێکی تۆتالیتەر و بۆ مانەوە و پاراستنی بەرژەوەندی و مەسڵەحەتی دەسەڵاتداری فاشیزمی دینی و زێدەخواز چالاکی دەکەن .

هەتا ئەو جێگایە کە ئەم هێزە لە هەموو کار وکردەوەی وڵاتی ئێران دخاڵەت دەکات و خۆی بە خاوەن و پارێزەری ئەم سیستەمە دەزانێت. ڕێکخراوی سپای پاسداران وەک باڵی ڕاست، بناژۆخواز و ڕاستەوخۆ سەر بە وەلی فەقیهی ڕێژیم هێز و پشتیوان و پارێزەری بیرۆکەی فاشیزمی ئیسلامیی شۆڕشێک دژ بە ماف و بیرو هزری هەموو گەلان و نەتەوەکانی نێو ئێرانە .

هێزی سپای پاسداران و سازمانی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە هەموو بوارێکدا پێکەوەن و تەواوکەری یەکن. لە دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری ڕێژیم وەک عەزڵ و نەسبی فەرماندارەکان، بەرپرسانی ئیداری ئۆستان و تەنانەت خودی ئۆستاندار و ......قسەی یەکەم و کۆتایی دەکەن. لێرەوە دیارە ئەم چەشنە دخاڵەتە بە ئیشارەت و موافقەت یان چرای سەوزی خودی وەلی فەقیهی نیزامە کە ئەم هێزە تەنیا لەم شەخسە دەستوور وەردەگرێت چونکە زامنی مانەوەی هێزی نیزام و جێگەوپێگەی شەخسی ڕێبەری ئێرانن بۆیە بۆ هەر چەشنە دخاڵەتێک لە کاروباری نێوخۆیی و دەرەکی دەستیان ئاوەڵایە .

لێرەدا نفوزی سپای پاسداران، بەسیج و هەموو لقوپۆپەکانی لە هەموو کارو چالاکی سێ هێزی سەرەکی ڕێژیم (یاسادانان — بەڕێوەبەری—دادوەری ) و بە ئیمتیازوەرگرتنی زۆر، ئێستا وەک ئیمپراتۆرێکی بێڕکابەر لە مەیدانی سیاسی، ئابووری و نیزامی ئێران حزووری هەیە و لە هەموو پرۆژە بنەوایی و ئەسڵییەکانی دەوڵەت لە هەموو بەشێکدا بە سپای پاسداران و لقوپۆپەکانی ئەسپەردە کراوەو پتر لە ٨٠٪ی ئابووریی وڵاتی ئێران بە دەستی ئەم هێزە مافیا-نیزامیەوەیە.

زۆرترین پلەی بەرزی ئیداری، سیاسی، فەرهەنگی-زانستی تا ئاستی بەرزی زانکۆکان وەک سەهمیە بۆ تاک بە تاکی ئەم هێزە و بنەماڵەکانیان، تەنانەت سەهمیەی ٤٠٪ بۆ بەسیجی و گەیشتنی بە زانکۆ و پێشکەوتن هەتا پلەی مامۆستایەتی و بەرپرسی زانکۆیەک، پلەی بەرزی چالاکی ئابووری، دادوەری و دیپلۆماتیکی کۆماری ئیسلامی ئێستا بەگشتی بە دەستی مۆرەکانی سپای پاسدارانەوەیە کە دوای شەڕی ئێران و عێراق وەک بەش و حەق لەم نیزامە وەریگرتوون، ئەوەش هەر بە دەستوور و موافقەتی خودی ڕێبەری ڕێژیم بۆ مانەوەی نیزام و خۆی و سیستەمە تیرۆریستپەروەرەکەی بووە. هەموو چەشنە ئیمتیازێک وەک پلەی بەرزی زانکۆیی بە بێ تێپەڕاندنی قۆناخی یاسایی، ئیمتیازی سازینی زانکۆی تایبەت بە سپا وەک زانکۆی ئیمام حوسەین، ئیمام سادق، مالکی ئەشتەر و .....،ئیمتیازی هەناردە و هاوردەکردنی شتومەک، ئیمتیازی هەر چەشنە چاپ و نەشرو ڕۆژنامەیەک، ئیمتیازی وەرگرتنی پۆستی وەزارەت، نوینەری مەجلیس، سەفارەت، بەرپرسایەتی بەرزی ئیداری و سیاسی لە ئۆستانداری، فەرمانداری و .....ئیمتیازی سەهمیەی ئۆستادی و خوێندکاری بۆ بەسیج وەک پلەی ئۆستادی بۆ ٢٥٪ی بەسیجییەکان کە زیاتر لە دوازدە هەزار کەسن !

ڕێکخراوی تێرۆریستی سپای پاسداران بەندیخانەو ئەشکەنجەگەی جیاوازی خۆی هەیە کە لە هەموو ئۆستان و شارێکدا لە ئێران بە شێوەیەک سازماندراو فەعالیەتی تێرۆریستی و ئەزیەت و ئازاری خەڵکیان بە تاوانی چالاکیی سیاسی و دژ بە نیزام بە بێ بەڵگە و دوور لە هەر چەشنە یاسا و ڕێسایەک جێبەجێ دەکەن !

وەک نموونە ئەشکەنجەخانەی (بازداشتگاه ٨١رمضان ) شاراوە لە ئۆستانی ورمێ کە زیاتر لە ١٥٠ زیندانی تاکسلولیی هەیە و سەر بە ئیتلاعاتی سپای پاسدارانە و لە نێوپادگانی "المهدی" لە ٢٠ کیلۆمێتری جادەی دەریاشاری ورمێ بەرەو تەورێزدایە. ئەم زیندانە لە دووبەشی زیندانیانی سیاسی و هێزە ناڕازییەکانی نێو سپای پاسداران و هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیم پێکهاتووە .

هەموو چەشنە ئەشکەنجەیەک وەک شۆکی ئیلیکتریکی، هەڵواسین، سازکردنی سەحنەی ئێعدامی درۆیین، ژوری تاکەکەسی لە زستانی سارد و تاقەتبڕ و لە گەرمای پڕتینی هاوین. هەڕەشە لە زیندانی بۆ دەستڕێژی جینسی و ...گرتنی بنەماڵەی زیندانی و هەڕەشە بە ئەشکەنجە و هاوکاری کردن بۆ ئیعتراف وەرگرتن لە زیندانی و دەیان شێوەی ئەشکەنجە و ئەزیەتی جسمی و ڕەوانی نامرۆڤانەی تر .

زیندانی ٥٩ کە یەکێک لە کۆنترین زیندانەکانی سپایە لە پادگانی "ولی عصر"لە تاران، زیندانی ٦٦ی سپا لە پادگانی قەسری فیرۆزە یان هەمان "کلاهدوز"، زیندانی شاراوە لە ژێرزەوی بەناوی "باغ وحش" لە تاران و سەدان زیندانی دیکە لە هەموو ئۆستان و شارێک کە بۆ دانپێدانان بە تاوان و تەنانەت کوشتنی هەر زیندانییەک لە دڕندەترین شێوەکانی ئەشکەنجە و لێپرسینەوە کەڵک وەردەگرن .

ڕێکخراوی تێرۆریستی سپای پاسدارانی ڕێژیم وەک تاڵانچی ئابووری و دەستبەسەرداگرتنی هێزی نیزامی ئێران وەک ترسناکترین ڕێکخراوی سیاسی —نیزامی لە ئێران، ئێستا گەورەترین باندی پەروەردەی نیزامییە بۆ گەیشتن بە ئامانجی تێرۆریستی ڕێژیم وەک ئاشکراکردنی زیاتری ماهیەتی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی .

سپای قودس کە لقێک لە ڕێکخراوی تێرۆریستی سپای پاسدارانە و زیاتر لە دەرەوەی سنوری ئێران فەعالیەت دەکات(تەنیا حەوزەی چالاکی ئەم ڕێکخراوە لە نێو ئێران لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانە کە ئەم سپایە لە هەر چەشنە فەعالیەتێک لەگەڵ هێزی زەوینی سپا و ئەرتەشدا هاوبەشە) وەک دخاڵەت، حزوور، ئاموزش و هەر چەشنە چالاکییەکی تێرۆریستی لە عێراق، سوریە، لوبنان، یەمەن، ئەفغانستان وبەحرەین،لیبی و .....

سپای پاسداران بە تاوانی جاسوسی لە کوەیت، بۆمبدانانەوە لە عەرەبستان و هێند، تاوانی جاسوسی لە بەحرەین. هاوکاری لەگەڵ محەممەد مورسی، چالاکی و حزوری نیزامی لە شەڕی سووریە و عێراق و بەرهەمهێنانی مووشەکی بالێستیکی درێژمەودا و .... لە لیستی تەحریمی نێودەوڵەتیدایە. تەحریمی نێودەوڵەتی و داخستنی حیسابی تەواوی ئەو بانکانە کە بە ناوی ئەندامانی سپای پاسدارانەوە هەیە و هەروەها زۆر کەس لە فەرماندەکانی سپای پاسداران و ئەو کەسانەی کە پۆستی باڵای نیزامی و سیاسییان هەیەو سپایی بوونیان سەلمێندراوە کە وەزارەتی خەزێنەداری ئامریکا لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ١٩٢٩ی شۆرای ئەمنیەتی دژ بە ئێران لە لیستی تەحریمی خۆی دایانناوە .

فەرماندەیی هێزی قۆدسی ڕێکخراوی تێرۆریستی سپای پاسداران لە ئەستۆی قاسم سولەیمانییە کە ئەمڕۆ لە دونیادا بە تێرۆریستێک لە لیستی تێرۆریستانێک هاوبیر و بەرنامەی خۆی وەک وەزیری دیفاع، فەرماندە و بەرپرسانی سپای پاسداران و بەسیج، ناوی دەرکردووە.

هەناردنی چەکوچۆل بۆ گرووپە تێرۆریستییەکانی سەر بە ڕێژیم لە عێراق، لوبنان، حوسییەکانی یەمەن، سوریە و ..... هەر ئەم سپایە لە عێراق بە پەروەردە و ڕێکخراوەییکردنی زیاتر لە ٢٤ حیزب و سازمانی شیعی بە ناوی حەشدی شەعبی، وەک سپایەک تێرۆریستی هاوچەشنی خۆی دروست کردووە کە بۆ کاتی پێویست کەڵکیان لێوەردەگرێت. شەڕ و تیرۆر و کوشتار لە وڵاتی سوریە لەژێر ناوی مودافەعینی حەرەم پەروەردە و ئامادەکردنی دەیان هێزی تێرۆریستی لە وڵاتان و هەناردەکردنی پەیامی ئینقلابی ئیسلامی بۆ بە ئیسلامی —شیعی کردنی مزدووران و دەستوپێوەندییەکانی خۆی بە نرخی بەتاڵانبردن و بە هەدەردانی سەرمایەی گەلانی ئێران و بە هەژاری هێشتنی میلیۆنان کەس و سازکردنی قەیرانی ئابووری لە ئێران .

قەرارگەی عەمەلیاتی سپای قودس ئەرکی پشتیوانی نیزامی، ئیتلاعاتی و لۆجستیکی لە ڕێکخراوی تێرۆریستی حیزبوڵای لوبنان، حەماس، جیهادی ئیسلامی لە فلستین و ... لە ئەستۆیە و بۆ کردەوەی تێرۆریستی لە وڵاتەکەیان

درێژە لە لاپەڕەی ٩

# دۆخی کرێکارانی کوردستان لە ڕۆژی جیهانی کرێکاردا



جاقل

ڕۆژی ١١ی بانەمەڕ یان ١ی مانگی مەی، ڕۆژی جێژن و نارەزایەتییە! لە دنیادا هیچ نموونەیەکی هاوشێوەی نەبیندراوە و بوونی نییە. ڕۆژێک کە لە ئاستی جیهانیدا پشوودانی فەرمییە بەڵام خەڵک بۆ خۆپیشاندان و ڕێپێوان دەڕژێنە سەر شەقامەکان. سەردەمانێک درووشمی خۆپیشاندەران تەنیا پرسی مووچە و ڕێژەی کار لە ڕۆژدا بوو بەڵام ئێستە پرسە سیاسییەکانی ڕۆژیش تێکەڵ بەم دروشمانە بوون.

نەریتی بەڕێوەبردنی ئەم بۆنەیە لە بنەڕەترا بۆ ئامریکا دەگەڕێتەوە؛ لە ١ی مانگی مەی ساڵی ١٨٦٨ کرێکارانی ئامریکایی بۆ یەکەم جار لە قەوارەی ڕاگەیەندراوێکدا و بە وەڕێخستنی مانگرتنی چەند میلیۆن کەسی، خوازیاری چەسپاندنی یاسای ٨ کاتژمێر کار لە ڕۆژدا بوون، ئەم خۆپیشاندان و مانگرتنە سەرکوت کرا و سەدان کەس تێیدا کوژران؛ دواجاریش لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژێکی فەرمی چووە نێو ڕۆژژمێرەکان و چینی کرێکار تێیدا ڕێزی لێ دەگرن.

ئەم ڕۆژە ئەگەر بۆ هەموو کرێکارانی جیهانی پێشکەوتوو، دەبێتە ڕۆژێک بۆ دەربڕینی خواست و ویستەکانیان و تەنانەت کاتی پشوو و شانازی بەخۆکردن، ئەوا لە ئێراندا و لە کوردستانی ئێراندا بەتایبەتیتر دەبێتە ڕۆژێک بۆ کوولاندنەوەی زامە سارێژنەبووەکانیان؛ لەحاڵێکدا کە کرێکاران بە نەبزی ئابووریی هەر وڵاتێک دەژمێردرێن، ئەم نەبزی ئابوورییە لە ئێران نەتەنیا لە پەراوێز خراوە و هیچ گرینگییەک بە دەور و نەخشی نادرێ بەڵکوو سەرکوتیش دەکرێ و مافەکانی بنپێ دەخرێ؛ سەلمێنەری ئەم وتەیەش نەدان و وەدواخستنی مووچەی کرێکاران، بێبەش کردنیان لە مافە سێنفییەکانیان، دەرکرانیان، زیندانی کردن و لەپەراوێزخستنییانە کە لە ساڵانی ڕابردوودا بە زەقی دیار و بەرچاو بووە.

بەپێی دوایین ئاماری بڕواپێکراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تەنیا لە ساڵی ١٣٩٧دا ٤٣ کرێکار لە کوردستان لەکاتی کاردا گیانیان لە دەست داوە و ١٢ کەسی دیکەشیان بریندار بوون کە ١٧ کەسیان لە بەرزایی بەر بوونەتەوە، ٩ کەسیان بەهۆی بەرق گیانیان لەدەست داوە، ٨ کەسیان بەهۆی دارمانی دیوار، ٦ کەسیان بەهۆی گازگرتوویی، ٦ کەس بەهۆی تەقینەوە لە کارگەکان، ١ کەس بەهۆی سووتان و ٣ کەسیش لە کاتی شۆفێری تووشی ڕووداوی کار بوون؛ هەروەها لە ساڵی ڕابردوودا ٣٧ حاڵەت ئێعتراز و نارەزایەتی کرێکاری لە شار و پارێزگاکانی کوردستان هاتووەتە ئاراوە و ١١٧٢ کرێکاریش لە سەر کارەکانیان دەرکراون و ئێستە بێکارن.

پەرۆشیی سەرەکیی کرێکاران لە خۆرهەڵاتی کوردستان ترسی دەرکران و بژیوی ژیانە کە دەرخەری دۆخی نالەباری ئەو چینەیە. کارناسانی ئابووریش پێیان وایە ئەو بەپەرۆش بوون و نیگەرانییە کە لە شوێنی خۆیدا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەوشی ژیان و دەروونی کرێکاران دەبێ لە جێی خۆیەتی چوونکە هیچ متمانە و گەرەنتییەک بۆ داهاتووی کاریی ئەوان بوونی نییە؛ ئاڵۆزی و پشێوییەکانی کەرتی کار و وەبەرهێنان کە هەر لە سەرەتای ساڵەوە دەست پێدەکەن ریشە و بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی دەوڵەت لە هەمبەر وەبەرهێنان و هەناردەی وڵات لە هەمبەر هاوردەی لەرادەبەدەردا.

هەواڵدەریی مەجلیسی ڕێژیم ماوەیەک پێش ئێستە لەزاری یەکێك لە ئەندامانی کۆمیسیۆنی ئابوورییەوە بڵاوی کردەوە، زۆربەی خاوەن کارگە و کەرتەکانی وەبەرهێنان قەرزداری بانکەکانن و وامیان وەرگرتووە و توانایی دانەوەیان نییە. هەر بۆیە، زۆرێك لە کارگەکانی وەبەرهێنان داخراون و ناڕاستەوخۆ بانکەکان بوونەتە هۆکاری داخرانی کارگە و کەرتەکانی کار.

ئەو کێشە و ئاستەنگانەی کە بەرۆکی چینی کرێکاری گرتووە، تەنیا دەرکران نییە، بەڵکوو وەک ئاماژەیان پێکرا کێشە و ناکۆکی لەگەڵ خاوەنکاران، نەبوونی بیمە و ئەمنیەتی کار، ئیزن نەدان بە ڕێکخستنی کۆبوونەوەی نارەزایەتی و خستنەڕووی داخوازییەکان و زۆرجار گیران و زیندانی کردن، بەشێکن لە گرفتەکانیان.

کەمیی مووچە، گرانی و دژوارییەکانی ژیان و دواخستنی مووچە و مەزایاکان و زۆر جار بڕینی مووچەی چەند مانگە، کرێکارانی تووشی کێشەی نەداری و هەژاری دەکاتەوە و دەبێتە گرفتی دەروونی بۆیان.

لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ڕابردوودا عەلی ئەسڵانی ئەندامی لێژنەی بەڕێوەبەریی کانوونی کار لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵدەریی ئیسنا ڕایگەیاندبوو: دۆخی ژیانی کرێکاران زۆر نالەبار و نەگونجاوە؛ هەلومەرجی کرێکاران باش نییە بەچەشنێک کە دەتوانم بڵێم ٩٠٪ی کرێکاران ناتوانن گۆشت بخۆن چوونکە مووچەکەیان ئەوەندە نییە کە بتوانن گۆشت بکڕن. ناوبراو هەروەها وتبووی: بەهۆی هەلومەرجی ئێستامان مەودای نێوان هێڵی هەژاری و هەڵاوسان گەیشتووەتە ٥٣٪؛ لە وەها بارودۆخێکیشدا مووچەی کرێکارێک تەنیا بەشی ١٠ ڕۆژی دەکات لە مانگدا.

ئێعتراز و نارەزایەتی بەو دۆخە نالەبارە زۆر جار لەلایەن حکوومەتەوە پێشی پێدەگیرێت و وەك هەوڵدان بەدژی تەناهیی نەتەوەیی لە قەڵەم دەدرێت، کۆبوونەوەی سەرشەقامی کرێکاران بۆ خستنە رووی داخوازی و مووچە دواخراوەکانیان، وەك شێوێنەری ئاسایشی گشتی لە قەڵەم دەدرێت.

چالاکانی کرێکاری بە تاوانی چالاکیی سیاسی، ڕەوانەی زیندان دەکرێن، ئەم دۆخە پڕ مەترسیە زۆر جار لە ناوچە کوردنشینەکان زیاترە و ئەو کرێکارانەی تەنیا داخوازییان دەستبەر کردنی مافە ڕەواکانیان بووە، بە تاوانی سیاسی و ئەمنیەتی تووشی گیران و حوکمی درێژماوە بوون.

فەریبۆرز ڕەئیسدانا ئابووریناس و مامۆستای زانکۆ سەبارەت بە هێڵی هەژاری ڕەها دەڵێ: بە هەبوونی هەڵاوسانێک کە بەسەر ئابووریی ئێراندا سەپاوە دەتوانین بڵێین ٧٠٪ی کرێکاران لەژێر هێڵی هەژاری ڕەهادا دەژین کە ئەگەر بمانهەوێ ئەم چینەی کۆمەڵگە لەو دۆخە واتە لە هێڵی هەژاری ڕەها ڕزگار بکەین دەبێ لانیکەمی مووچەیان بگەیەنینە ٢ میلیۆن و ٧٠٠ هەزار تمەن کە بە کردەوە ئەمە ئیمکانی نییە!!!

کوورت و پووخت دەتوانین بڵێین: ئابوورییەک کە بڕوای بە بازاڕی ئازاد و کەرتی تایبەت نەبێت، حکوومەتەکەی زۆر قەبە بێت، هێزە سەربازییەکەی (سپای پاسداران) دەستی بەسەر زیاتر لە ٦٠٪ی ئابووریدا گرتبێت، دادگای سەربەخۆ نەبێ کە لێپێچینەوە لە گەندەڵکاران بکات، شەفافیەت لە داهاتی نەوت و گومرک و باجدا نەبێت، ڕکەبەرایەتی سیاسی لە ئارادا نەبێ و تەنیا گرووپێک دەستی بەسەر سیاسەتدا گرتبێ و لە ڕێگەی سیاسەتەوە ئابووریشی قۆرخ کردبێت، کاری سیاسی و ئابووری لێک جیا نەکرابێتەوە، کاروباری ئیداری لەسەر بنەمای وەفاداری بەڕێوە بچێت نەک پسپۆڕی و تەکنۆکرات و، بەشی بەرچاوی داهاتی وڵات لە دەستوەردان و کاری تیرۆریستی و نابەجێدا خەرج بکرێت، ئەوا چۆن دەتوانێ کێشەکانی چارەسەر بکات. کەواتە سەرچاوەی هەموو کێشە ئابوورییەکانی ئێران بوونی کۆماری ئیسلامییە و تا ئەم ڕێژیمە لە دەسەڵاتدا بێت، وەک چۆن تا ئێستا کردوویەتی، سەرجەم داهات و سەرچاوەی سروشتی و مرۆیی بە فیڕۆ دەدات.

**پەرۆشیی سەرەکیی کرێکاران لە خۆرهەڵاتی کوردستان ترسی دەرکران و بژیوی ژیانە کە دەرخەری دۆخی نالەباری ئەو چینەیە. کارناسانی ئابووریش پێیان وایە ئەو بەپەرۆش بوون و نیگەرانییە کە لە شوێنی خۆیدا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەوشی ژیان و دەروونی کرێکاران دەبێ لە جێی خۆیەتی چوونکە هیچ متمانە و گەرەنتییەک بۆ داهاتووی کاریی ئەوان بوونی نییە**

دریژەی لاپەڕەی ٨

بە کاریان دێنێ.

لە ئێران زیاتر لە ١٦ نیهادی ئیتلاعاتی هەیە کە یەکەی ئیتلاعاتی سپا و یەکەی پاراستنی سپای پاسداران تەنیا دووان لەو نیهادانەن کە سەر بە سپای پاسدارانن و لە هەموو ئیدارات و ئۆرگانە سیاسی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم دەستێوەردان دەکەن و بڕیار، لێپرسینەوە و حوکمێک سەبارەت بە هەر ڕووداو یان کەیسی سیاسی و ئەمنیەتی کەسێک، بە مافی خۆیان ئەبینن و بە کەس و لایەنێکی یاسایی لە نێو ڕێژیمیش وڵامدەر نین.

یەکەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ٨٨ەوە وەک ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپا ناوی هەیە و بەهێزترین نیهادی ئیتلاعاتی ئێرانە. ئەم ئۆرگانە لە هەڵسوکەوت و بەرخورد لەگەڵ موخالفینی ڕێژیمدا بۆ گرتن و تەنانەت کوشتنیش بەهێزترین نەخشی هەیە و ئێستاش بە نێو زابتی دەزگای دادوەری ڕێژیم ئەرکی پێئەسپێردراوە !

ئەم یەکەی پاراستنی ئیتلاعاتی سپایە لە هەموو لقوپۆپەکانی ڕێکخراوەکەدا هەیە و هەتا هەموو ئۆرگان و دەزگایەکی سیاسی –ئیداری و ئەمنیەتی ڕێژیم هەیە و تەنانەت گەیشتووەتە نێو حەراستی سەرکۆماری و گاردی ڕێبەری و بەرپرسایەتی سەرەکی بۆ پاراستنی نیزام و شەخسی ڕێبەری ئێران لە ئەستۆی ئەم ڕێکخراوەدایە. سازمانی ئیتلاعاتی سپا، سازمانی پاراستنی ئیتلاعاتی سپا و هەروەها پاراستنی سپا تەنیا سێ ژێرکۆمەڵە لە سپای پاسدارانن کە ئەرکی ئیتلاعاتی – ئەمنیەتییان هەیە . هەموو پرۆژە کەڵان و بەهێزەکان لە نێو ئێران و دەرەوە کە زیاتر لە ٨٠٠ پرۆژە دەبن وەک هەموو بەشەکانی نەوت، گاز، پێترۆشیمی، گواستنەوەوگەیاندن، زۆربەی بانکەکان، بەنداو، گواستنەوەی ئاو و تەنانەت موخابرات و ئای تی، ساختی بنکەی نەوەوی ئێران، سازینی بۆمب و موشەکی بالیستیکیی درێژمەوداو هەموو کەرەستەیەکی نیزامی، سازکردنی هێڵی ئاسنیی، سازکردنی توونیل و هێڵی بۆڕی گازی سروشتی و ...، هەموو لە ئیختیاری قەرارگەی "خاتم النبیاء" یە کە سەربەم ڕێکخراوەیە و بە دەستی بەشی ئابووری سپای پاسدارانەوەیە و ئەم ڕێکخراوە تێرۆریستییە ئێستا هێزی یەکەمی ئابووری-نیزامی ئێرانە و زیاتر لە پەنجا پرۆژەی کەڵان و سەدان پرۆژەی ورد و پڕبایەخی هەیە کە هەموو لە ژێر دەسەڵاتی ئەم ڕێکخراوەدایە و جێبەجێی دەکات و بەرهەمەکەی بۆ کڕین و و بەرهەمهێنانی کەرەستەی نیزامی، شەڕ و تیرۆر لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بە کار دێنێت.

دەیان قەرارگەی دیکەی نیزامی-ئەمنیەتی وەک قەرارگەی "سازندگی قائم، نوح، کربلا، کوثر و ..." لە ژێرکۆمەڵەی قەرارگەی "سازندگی خاتم الانبیاء" ن کە ئەم ناوەندە نیزامی –ئەمنییەتیە ساڵێک لە دوای مردنی خومەینی و بە دەستوری خامنەیی دامەزراوە .

سپای پاسداران لە هەموو کاروباری نێوخۆیی و دەرەکی ئێران دخاڵەتی هەیە و هەر چەشنە قەراردادێک کە لە لایەنی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامییەوە واژۆ کرابێت و بە دڵی نەبێت بە ئاسانی دەتوانێت هەڵیوەشنێتەوە و لە ڕستەی "باید لغو شود" کەڵک وەردەگرێت!

ڕوحانی سەرکۆماری ڕێژیم، لە ٢٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی، لە کۆبوونەوەی فەرماندەکانی سپای پاسداران، لە سەر سپا ئاوەها دەدوێ:" سپای پاسداران لە سەرەوەی هەموو جەریانێکی سیاسییە و سپا لە جێگەیەکی بەرزە کە جێگەی هەموو میللەتە و دەبێ هەموو خەڵک، سپا بە پشتیوانی خۆیان بزانن"!

سپای پاسداران لە بواری نیزامییەوە زیاتر لە ١٥ هەزار کەسی هەیە کە تەنیا وەک گارد بۆ پاراستنی کەسی خامنەیی دانراون.

هێزی قودس یان سپای قودسی هێزی تایبەت و ژێرشاخەیەک لە پێنج هێزەکەی سپای پاسدارانە کە هەموو چالاکییەک کە لە دەرەوەی سنووری ئێران هەبێت لە ئەستۆیدایە و دەڵێن زیاتر لە ٢٠هەزار کەسن و پتر لە ٨٠٠ هەستەی مەرکەزییان هەیە. ئەم هێزە تێرۆریستییە ئەرکی بەڕێکخراوکردن، پوختەو پۆشتەکردن، پەروەردە و سەرمایەگوزاری لە سەر بزوتنەوەی ئینقلابی ئیسلامییە و بەرپرسی گەشەپێدانی سیاسەتە دەرەکییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. هەروەها مەنتەقەی چالاکی ئەم هێزە تێرۆریستییە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، عێراق، ئەفغانستان، پاکستان، هێند، ئیسرائیل، لوبنان، ئۆردۆن، تورکیە، ئافریقای باکوور، عەرەبستان و تەنانەت ڕوسیەش هەیە و هەموو کردەوەیەکی تێرۆریستی ئەنجام دەدەن. سپای قودس هێزێکی مافیایی و تیرۆریستن و لە زۆربەی وڵاتان کە نفوزیان هەبێت بۆ هەر کردەوەیەکی تێرۆریستی هەم بڕیاردەرن و هەمیش جێبەجێکار!

سپای پاسداران و هەموو لقوپۆکانی لە مێژووی دامەزرانییەوە بۆ تیرۆرکردن و کوشتوبڕ بە شاکاری مافیایی شۆڕشی ئیسلامی ئێران ناسراوە ڕێکخراوێکە کە وەک مافیا و تیرۆریزمی دەوڵەتی بەرزترین پلەی جینایەت و دڕندەییی هەیە!

بە هەزاران تاوان، تیرۆر، شەڕ و کوشتن، گرتن، زیندانی کردن، ئەشکەنجە و بێسەروشوێن کردنی تاکی ئازادیخواز، بێ تاوان، دژبەری نیزام و سیاسی، لە کارنامە و مێژووی پڕ لە تاوانی ئەم ڕێکخراوە تێرۆریستیە هەم لە نێو ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە و هەمیش لە دەرەوەی سنووری ئێران کە لە زۆربەی وڵاتاندا لەم جینایەت و تاوانانە دەستی باڵای هەیە و بڕیاردەر و بکوژ بووەو هیچکاتیش دەستی نەپاراستووە !

ئەم سپا مافیایی و تێرۆریستییە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە وەک پاراستن و گاردی ئینقلابی لە ئێران و هەموو کوردستان بۆ لەنێوبردنی دژبەرانی ڕێژیم دەستبەکار بوو و لە شەڕ و کوشتار و تیرۆر لە کوردستان ئەزمونی شەڕی بە دەست هێنا و لە یەکەمین عەمەلیاتی نیزامی خۆی وەک هێز لە شەڕی ئێران –عێراق لە چەمی ئەروەند دەستپێبکات و نەخشی سەرەکیی لەم شەڕە بوویێت. ئەمەش ئەزمونیکی گرنگ بووە بۆ هێزیکی تێرۆریستی کە ئەمڕۆ باڵی سەرەکی و دەسەڵاتبەدەستی ڕێژیم بێت و لە بواری سیاسی، نیزامی، ئابووری، فەرهەنگی و بگرە دەستێوەردان لە سیاسەت و دیپلۆماسیی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی قسەی یەکەم بکات !

گەمارۆ و گۆشارەکان لە سەر ڕێژیم وخستنە لیستی تێرۆریستی سپای پاسداران لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاوە، ئاکامەکەی لە ڕوانینی نیزامی، سیاسی، ئابووری و ئەمنیەتییەوە، تەریکخستنەوەی ئەم ڕێکخراوە تێرۆریستییە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و کورت و لاوازکردنی هێزی ئەم گرووپە لە وڵاتان و کۆکردنەوەیان لە نێوخۆی ئێرانە کە ڕەنگە زیاتر بۆ سەرکوتی هەر چەشنە سەرهەڵدان و نارەزایەتی دەربڕینێک لە نێو ئێران پۆشتە بکرێن بە دواوە هەیە. هەروەها ئەم تەحریم و لە لیستی تیرۆرخستنی سپای پاسدارانە دەتوانێت بە واتای گوشاری زیاتر لە سەر ڕێژیم بێت و لەڕاستیدا تەحریم و گوشار لە سەر کەرتی ئابووری و هەموو پرۆژە و بەرنامەکانی ئەم هێزە تێرۆریستییە لە نێو ئێران و بەتایبەت لە وڵاتانێک بێت کە ئەم ڕێکخراوەیە سەرمایەگوزاریی تیایاندا کردووە !

هەروەها بە بوونی سپای پاسداران و تیرۆریست بوونی ئەم ڕێکخراوەیە، دەکرێ هەر چەشنە هاوردە و هەناردەیەک کە شک و گومانی پێوەندیی و خاوەنداریەتی سپای پاسدارانی هەبێت سنووردار، تەحریم و بگرە قەدەخەش بکرێت. ئەمە خۆی ڕۆژ بە ڕۆژ بە واتای تەریکخستنەوەی پێوەندی ئابووری ڕێژیم و هەروەها باندۆری زۆر لە سەر پێوەندی دیپلۆماسی و سیاسیی ڕێژیم لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ڕۆژئاواییدا هەیە کە هەبوونی دەستوبردی سپای پاسداران لەم پێوەندییانە هۆی سەرەکی کورت و سنووردارکردنەوەی ڕێژیم و تەحریم و گوشاری زیاتر لە سەر کەرتی ئابووری، سیاسی، نیزامی و تەنانەت دیپلۆماسیی ئێران دەبێت. واتە ئەم شەڕی سیاسی-ئابوریی لەگەڵ ڕێژیم هەر بەردەوام دەبێت و کەوتنە لیستی تێرۆریستیی سپای پاسداران ڕێک بە واتای بە تیرۆریست ناساندنی کۆماری ئیسلامییە و زەمینەیەک پێک دێنێت هەتاکوو لە گوشاری سیاسی-ئابووری کۆماری ئیسلامییەوە بە تێپەڕبوونی کات بە بێ پاشەکشەی ڕێژیم لە سیاسەتەکانی، بەرەو قۆناخێکی دیکە وەک لەناوبردنی تیرۆریزمی ڕێکخراوەیی هەتا تیرۆریزمی دەوڵەتی، بە دەستبردن بۆ گۆزینەی نیزامی لە گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیمەوە بۆ گۆڕینی خودی سیستم و نیزامی کۆماری ئیسلامی هەنگاو هەڵگیردرێت و مەترسی، دوژمنی و بەربەرەکانێی سیاسی –ئەمنیەتی لە دوای چوار دەیە مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ڕوخانی ئەم ڕێژیمە لە بناغە تیرۆریست و بە ناسنامەی تێرۆریستی دامەزراوەدا، کۆتایی پێ بێت .

# دواڕەوشی ئابووریی ئێران لە زمانی ئامارەکانەوە



**ڕووش**

ناوەندی ئاماری ئێران لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا نرخی هەڵاوسانی مانگی خاکەلێوەی ٥١,٤٪ ڕاگەیاند و سندووقی نێونەتەوەیی دراویش پێشبینی کردووە کە لە ساڵی ٢٠١٩دا ئەم ڕێژە بگاتە ٣٧,٢٪ کە زۆرترین کاریگەری لەسەر نرخی کاڵا مەسرەفییەکانی وەک خواردەمەنی و خواردنەوەکان دەبێ! و ڕێژەی بێکاریش زیاتر دەکات.

بێکاریی و هەڵاوسان دوو کێشەی سەرەکین لە ئابووریدا کە ڕاستەوخۆ یەخەی خەڵک دادەگرن و بە سەرچاوەی هەموو دەردە ئابوورییەکان دەژمێردرێن بەچەشنێک کە زۆربوونیان بڕست لە بەر تاک و خێزان دەبڕێ و ئاستی بژیو کەم دەکەنەوە و خەڵک دەخەنە دۆخی نەمرنەژییەوە.

هەڵاوسان هێزی کڕینی خەڵک کەم دەکاتەوە، بۆ نموونە، خەڵک ساڵی ڕابردوو کە بە کەمتر لە ١٠٠٠ تمەن کیلۆیەک پیازیان دەکڕی، ئێستا بە ١٣ بۆ ١٤ هەزار تمەن دەیکڕن، واتە توانای کڕینیان دابەزیوە و ئیتر داهاتیان بەشی خەرجیان ناکات و بەرەبەرە بەرەو هەژاریی ڕەها دەچن. بێکاریش ئەگەر بەرۆکی تاک بگرێ و زۆر بخایەنێت ئەوا ئاستی خۆشبژێوی وگوزەرانی تاک کەم دەکاتەوە و دەیباتە ڕیزی هەژاریی ڕەهاوە. بێکاری بەدوای خۆیدا هەژاریی، لەخۆنامۆبوون، هەڵوەشاندنەوەی خێزان، دزی و تاوان، ئاوارەبوون و سەرهەڵگرتن و دەیان گرفتی دیکە دەهێنێ و تاڵی بە ژیان دەبەخشێ. بوونی بێکاریی لە ئاستی وڵاتیشدا بە واتای ئەوەیە کە سەرچاوەیەکی گرنگی بەرهەمهێنان واتە سەرمایەی مرۆیی بە فیڕۆ دەچێت و ئاستی بەرهەمداریی کەم دەبێتەوە.

ئابووریی ئێران دەمێکە تووشی ئەم دوو کێشە واتە هەڵاوسان و بێکاری بووە. بەپێی ڕاپۆرتەکانی ناوەندی ئاماری ئێران ڕێژەی هەڵاوسان لە ٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨ەوە تا ٢٢ی نۆڤەمبر بە ڕێژەی ٣٤,٩٪ بووە و لەبەرئەوەیکە حکوومەت بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بوودجە لە بانکی ناوەندی داوای قەرز دەکات واتە پارە لە چاپ دەدات، ئەوا ڕێژەکە هەر هەڵدەکشێت، هەر بەپێی ئەم ئامارانە ڕێژەی بێکاریی لاوان لە ئێراندا زیاترە لە ٢٧٪ و هی دەرچووانی زانکۆش لەسەرووی ٤٠٪ە . کارناسانی بواری ئابووریش لەسەر ئەو باوەڕەن کە بۆئەوەی کێشەی بێکاریی لە ئێران چارەسەر بکرێت پێویستە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ ڕێژەی گەشەی ئابووری ٨٪ بێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی پێشبینی بانکی جیهانی ڕێژەی گەشە بۆ ساڵی داهاتووی ئێران -٣,٨ دەبێت، ئەمەش واتە نەک هەلی کار نارەخسێت بەڵکوو بێکارییەکە هێندەی تر زیاتر دەبێت. هەردووک کێشەکە تا دێت زیاتر دەبن و تەنگ بە خەڵک هەڵدەچنن. بۆچی دەڵێین زیاتر دەبن چوونکە لە ئێستەدا داهاتی ئێران کە تاکبەرهەمییە و بەستراوە بە نەوتە بۆ کەمتر لە ٨٠٠ هەزار بۆشکە لە ڕۆژ دابەزیوە، لە دوو حەوتووی داهاتووشدا ئەگەری ئەوە هەیە ئەمریکا لێخۆشبوون بۆ چەند وڵاتێکی تر کە بۆ کڕینی نەوتی ئێران پێی دابوون، هەڵوەشێنێتەوە، ئەمەش واتە کەمبوونەوەی زیاتری داهاتی نەوت و کورتهێنانی بودجە، قوڵبوونەوەی زیاتری داکشان، بێکاریی زیاتر و چوونە ناو قۆناخی چەقینی ئابوورییەوە.

هەر لەم ڕاستایەشدا دەبینین کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا، هەواڵدەرییە فەرمییەکانی ڕێژیم لەسەر گرانبوون و هەڵکشانی بەهای گازی cng و ئەگەری گرانبوون و جیرەبەندیکردنی بێنزین، ڕاپۆرتگەلێکیان بڵاو کردەوە کە تێیدا باس لەوە دەکەن کە لە سەرەتای مانگی جۆزەردانەوە گازی cng لە سەرتاسەری ئێراندا ٩,٥ لەسەد گران دەبێت و بەهای بێنزینیش دەچێتە سەرێ کە بەو پێیە تێچووی هاتوچۆ و گواستنەوەکانیش زیاتر دەبێ بە زیادبوونی ئەم تێچووەش نرخی کەلوپەلەکانیش هەڵدەکشێن و شەپۆلێکی نوێ لە گرانی دەست پێدەکات! لەم نێوانەشدا ڕوونە کە زەرەرمەندی سەرەکی خەڵکی بێدەرەتان و هەژارن کە بەهۆی سیاسەتە هەڵە ئابوورییەکانی تاران زیاتر لە ٧٠٪ی حەشیمەتی ئێران لەخۆ دەگرێ. سەرنجڕاکیش ئەوەیە کە لەنێو هەموو پارێزگاکانی ئێراندا پارێزگای سنە زۆرترین نرخی هەڵاوسانی لە ئێراندا بۆخۆی تۆمار کردووە بەچەشنێک کە لە هەر سێ بەشی "هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵی هەموو خانەوارەکان"، " هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵی خانەوارە شارییەکان" و " هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵی خانەوارە گوندنشینەکان" هەروەک مانگەکانی پێشووتر لە خراپترین دۆخی خۆیدا بووە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، ئەم قەیرانە چەندین مانگە بوونی هەیە بەڵام بەرپرسانی پێوەندیدار بەتایبەت لەم پارێزگایە، تا ئێستە هیچ هەوڵێکیان بۆ چارەسەرکردنی نەداوە و بەرجەوەنێکی ڕوونیش بۆ کۆنترۆڵ کردنی بوونی نییە؛ مستەفا باغبانیان مامۆستای زانکۆ لە زانکۆکانی ئەم پارێزگا لە لێدوانێکدا سەبارەت بە هۆکارەکانی ئەم ڕێکۆردە لە پارێزگای سنە بۆ هەواڵدەریی جوانی وتووە: کەشوهەوا و دۆخی ئاووهەوا، سەرچاوە مرۆیی و سرووشتییەکان و سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان پۆتانسیەڵێکی تایبەتیان بەم پارێزگا بەخشیوە کە دەتوانن لەباری گەشەی ئابوورییەوە یارمەتیدەر بن بەڵام بەداخەوە تاکوو ئێستە ئەم پۆتانسیەڵ و تواناییانە بە پراکتیک نەکراون و کەڵکیان لێوەرنەگیراوە چوونکە هیچ بەڕێوەبەری و مودیریەتێکی ئەمڕۆیی بوونی نییە کە بتوانێ تواناییەکان بناسێت و کەڵکیان لێوەربگرێ. نرخی بەرزی بێکاری، نەبوونی سەرمایەدانان و گەشەنەکردوویی کەرتی کاروکاسبی وای کردووە کە پارێزگای سنە هاوشێوەی باقی پارێزگاکانی کوردستان لە تەواوی پێوەرە خراپەکانی وەک بێکاری، هەڵاوسان، داتەپینی ئابووری، گرانی و ... پلەکانی یەکەمیان هەبێ و بەپێچەوانەشەوە لە تەواوی پێوەرە باشەکان پلەکانی کۆتاییان هەبێ، ئەمەش لەکاتێکدایە کە کوردستان لەباری کانزا، جوتیاری و سەنعەت خاوەن لەبارترین پۆتانسیەڵن کە بە تێچوویەکی کەم داهاتێکی زۆریان دەس دەکەوێت.

بەپێی دوایین ئامارە پێوەندیدارەکان، لە مانگی خاکەلێوەدا نرخی هەڵاوسانی خانەوارەکانی ئێران بۆ پارێزگای سنە بووە کە ٦٣,٤٪ە کەمترینیش بۆ پارێزگای قۆم بووە کە ٤٣,٢٪ە واتە خانەوارەکانی نیشتەجێ لە پارێزگای سنە بە شێوەی نێونجی ١٢٪ زیاتر لە نێونجی گشتی ئێران بۆ کڕینی کۆمەڵێک کاڵا و شمەک تێچوویان هەبووە؛ لەلایەکی تریشەوە زۆرترین نرخی هەڵاوسانی ١٢ مانگەی پێوەندیدار بە پارێزگای سنە ٣٦,٥٪ و کەمترین نرخیش کە بریتییە لە ٢٥,٤٪ هی پارێزگای کرمانە!! ئەم دوو نموونە بەڕوونی دەری دەخەن کە هەڵاواردن و جیاوازیدانانەکانی لە نێوان ئەو پارێزگایانەی کە نەتەوەکانی ئێرانی تێدا دەژی لەگەڵ پارێزگا ناوەندییەکان چەندە زۆرە و چەندە بە پلان و بەرنامە کاری بۆ کراوە! جیا لەوەیکە ئەم بەرنامەداڕێژییانە بۆ بەچۆکداهێنانی نەتەوەکانی ئێران چەندە سەرکەوتوو بووە یان نا، پرسێکی گرینگ لەئارادایە کە ئەویش بریتییە لە هەژارتر بوونی هەژارەکان و هەژاربوونی چینی مامناوەند و لە هەمان کاتدا دەوڵەمەندتربوونی چینی خۆشبژیو و دەسڕۆیشتووی کۆمەڵگە؛ ئەوەیکە ئەمڕۆ خەڵکانی ئێران ئەزموونی دەکەن، دیاردەیەکی کەموێنە تەنانەت لە ئابووریی ناسەقامگرتوو و پڕلەکێشمەکێشی ئێرانە. لانیکەم لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا دۆخێکی وەها بوونی نەبووە کە ئامارە فەرمییەکان ئاست و پانتایی هەڵاوسانی نرخەکانی بازاڕ لە یەک ساڵدا بە ٥٠٪ و سەرووتر مەزندە بکەن!

ئەم دیاردە بێهاوتا، توانایی دابینکردنی پێداویستی و هێزی کڕینی خەڵکی هێناوەتە کەمترین ئاستی خۆی بەچەشنێک کە دەبینین ڕێژەی هەژاری ڕەها یان موتڵەق کە تەنانەت لە دابینکردنی ژەمەخواردنێکی ئاسایی خۆیان دۆشداماون، بردووەتە سەرێ؛ کاتێک کە مرۆڤ سەیری ئەم دۆخە نەشیاوە دەکات بێئیختیار وەبیر چیرۆک و داستانەکانی دەورانی قاتوقڕی لە سەردەمی هاتنی ڕووس بۆ ئێران دەکەوێت کە تەنانەت بە س لە مرۆڤخۆری بەهۆی برسییەتییەوە دەکرا! یەکەم دەرهاویشتەی هەڵاوسانی زۆر بریتییە لە بێکاری زیاتر کە خۆی بە سەرچاوەی سەرەکی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان دەژمێردرێ؛ بێکاری کە بوارخۆشکەر بۆ باقی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان بووە، لانیکەم لە یەک دەیەی ڕابردوودا بووەتە هۆی چوونەسەری ئاماری تەڵاق، زیادبوونی کۆچ لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان و پەرەسەندنی دیاردەی پەراوێزنشینی، پەرەسەندنی هەژاری و نادادپەروەری، شەڕ، توورەیی، خەمۆکی، یەکتر قەبووڵ نەکردن و هەوڵدان بۆ حەزفی ئەویتر، منداڵانی سەرشەقام، لەشفرۆشی ژنان و ژنانی سەر شەقام، زیادبونی ڕێژەی ئێعتیاد و هتد کە لە کۆتاییدا "بێهیوایی لە کۆمەڵگا لەهەمبەر داهاتوو" هاتە ئاراوە.

لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەیە کە دەبینین خەڵکانی ئێران بە نیگەرانترین، توورەترین و پڕدڵەڕاوکێترین خەڵکانی جیهان ناوبانگیان دەرکردووە؛ دامەزراوەی گالۆپ لەم دواییانەدا ڕاپۆرتێکی بڵاو کردۆتەوە کە تێیدا وڵاتانی جیهانی بەپێی هەست و نەستی خەڵکەکەی سەبارەت بە دۆخی ژیانیان دابەش کردووە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە وڵاتی ئێران پێنجەمین وڵ؛اتێکە کە لە ساڵی ڕابردوودا خەڵکەکەی لەهەموو ڕەهەندەکانەوە نەرێنیترین دۆخیان ئەزموون کردووە. خەڵکی ئێران لە نێو توورەترینەکاندا پلەی سێهەم، لەنێو نیگەرانەکاندا پلەی چوارەم و و لەبواری سترێس و دڵەڕاوکیدا پلەی پێنجەمی جیهانیان هەبووە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە وڵاتانی چاد، نیجێریە، سییەرالیئۆن، عێراق، ئێران، لیبی، گینە، فلستین و کۆنگۆ نەرێنیترین دۆخیان هەبووە کە بەو پێیە زیاتر لە نیوەی خەڵکی چاد واتە ٥٤٪، نیجێریە و سریلانکا بە ٥٠٪، عێراق بە ٤٩٪ و ئێران بە ٤٨٪ لە دۆخێکی نالەباردا دەژین.

بەپێی دوایین زانیارییە بڵاوکراوەکانیش بازاڕی ئێران لە مەندییەکی تووندا پەنگی خواردووە و کەرتی سەنعەتیش تووشی گەشەی ئابووریی نێگەتیڤی ٧,٩٪ی بووە و دەوڵەت لە بودجەی ئەمساڵدا ٢٥٪ کەسری هەیە؛ ئابووریی ئێران لە کاتێکدا دۆخی قەیراناوی خۆی تێدەپەڕێنێت کە تەحریمی ١٠٠٪ی نەوت لەلایەن ئامریکاوە داهاتوویەکی زۆر لێڵاویتر بۆ کۆماری ئیسلامی بەدیاری دێنێ چوونکە ئابووریی ئەم وڵاتە بەتەواوی مانا گرێدراوە بە نەوت و تەحریمی نەوت هاوتەراز لەگەڵ تەحریمی بانکی نەبزی ئابوورییەکەی لە پێ دەخات.

ئەوەیکە ڕوونە ئابووریی ئێران گیرۆدە و بە دیلگیراوی داتەپینی قووڵ و هەڵاوسانێکی هەوسارپچڕاوە؛ هەلومەرجێک کە کار تێیدا لەوپەڕی لاوازیدایە و زۆربەی خانەوارەکان هێز و توانای ماڵی خۆیان لە دەست داوە و لەگەڵ مەرگ بەهۆی برسییەتی لە دەستەویەخەدان. تراژیکتر لە هەموو ئەمانەش ئەوەیە کە ئەم قەیرانانە بەپیی ئەزموون، بەردەوام خۆیان بەرهەم دەهێننەوە و قەت نابڕێنەوە و تەنیا ڕێگە بۆ بەرەوڕووبوونەوەیان حاکم کردنی دەسەڵاتێکی خەڵکی دێموکراتیکە کە بتوانێ هەوڵێکی جیددی بە پیوەری زانستی سەردەم بخاتە گەڕ تاکوو قەیرانەکان بگەیەنێتە لاوازترین ئاستی خۆی؛ ئەمەش واتە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی.

**نرخی بەرزی بێکاری، نەبوونی سەرمایەدانان و گەشەنەکردوویی کەرتی کاروکاسبی وای کردووە کە پارێزگای سنە هاوشێوەی باقی پارێزگاکانی کوردستان لە تەواوی پێوەرە خراپەکانی وەک بێکاری، هەڵاوسان، داتەپینی ئابووری، گرانی و ... پلەکانی یەکەمیان هەبێ و بەپێچەوانەشەوە لە تەواوی پێوەرە باشەکان پلەکانی کۆتاییان هەبێ.**

**ئەوەیکە ئەمڕۆ خەڵکانی ئێران ئەزموونی دەکەن، دیاردەیەکی کەموێنە تەنانەت لە ئابووریی ناسەقامگرتوو و پڕلەکێشمەکێشی ئێرانە. لانیکەم لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا دۆخێکی وەها بوونی نەبووە کە ئامارە فەرمییەکان ئاست و پانتایی هەڵاوسانی نرخەکانی بازاڕ لە یەک ساڵدا بە ٥٠٪ و سەرووتر مەزندە بکەن!**

**ئابووریی ئێران گیرۆدە و بە دیلگیراوی داتەپینی قووڵ و هەڵاوسانێکی هەوسارپچڕاوە؛ هەلومەرجێک کە کار تێیدا لەوپەڕی لاوازیدایە و زۆربەی خانەوارەکان هێز و توانای ماڵی خۆیان لە دەست داوە و لەگەڵ مەرگ بەهۆی برسییەتی لە دەستەویەخەدان.**

# له «لای لای» تا « دڵی زار»

له "لای لای" تا " دڵی زار"

خاتوو چیمه‌ن ره‌حمانی، کچی هونه‌رمه‌ندی کۆچکردوو "یه‌دوڵڵا ره‌حمانی" له کۆتایی مانگی خه‌زه‌ڵوه‌ری ١٣٩٧ی هـ (سه‌ره‌تای نۆڤامبری٢٠١٨) دا ئاگاداری کردم که گۆرانییه‌کی خاتوو فه‌تانه وه‌لیدی، دووباره‌خوێنی کردۆته‌وه و ده‌یهه‌وێ بڵاوی کاته‌وه. منیش وێرای پیرۆزبایی به‌رهه‌مه‌که، پرسیم: تۆ یه‌که‌م کارت لاسایی کردنه‌وه نه‌بووه، بۆچی ئه‌و توانایه‌ت بۆ کارێکی دیکه که نوێ بێ، نه‌خستۆته گه‌ڕ؟ چوونکه تۆ تازه وه‌ک ده‌ڵێن "له کڵ ده‌رچووی و خاوه‌نی ده‌نگ و شێوازی خۆتی".

له وه‌ڵامدا وتی: " ئه‌م کاره‌ی من چیرۆکێکی هه‌یه". به وردی چیرۆکی پشتی بابه‌ته‌که‌ی بۆ گێڕامه‌وه و پاش گێڕانه‌وه‌که‌ش دووپاتی کرده‌وه که له‌گه‌ڵ به‌رهه‌مه‌که‌دا، ئه‌و چیرۆکه یان سه‌ربووردیه به نووسراوه بڵاو ده‌کاته‌وه. پاش ئه‌وه‌ی به‌رهه‌مه‌که‌ی بڵاو کرده‌وه، دوو نووسراوه‌ی به زمانی فارسی، سه‌باره‌ت به کاره‌که نووسی و له لاپه‌ڕه‌ی ئینستاگرامی خۆیدا بڵاوی کرده‌وه. ئه‌وه‌ی له خواره‌وه ده‌یخوێننه‌وه، وه‌رگێڕاوی ئه‌و دوو نووسینه‌ی "چیمه‌ن ره‌حمانی"یه که من وه‌ک که‌سێکی نزیک له بنه‌ماڵه‌ی ره‌حمانی و هۆگرێکی هونه‌رمه‌ندی نه‌مر مامۆستا "یه‌دوڵڵا ره‌حمانی"، به پێویستم زانی ئه‌م بابه‌ته بکه‌م به کوردی و بڵاوی بکه‌مه‌وه.

(١)

نووسراوه‌یه‌کی کورت سه‌باره‌ت به گۆرانی " دڵی زار"

له سه‌رده‌می تازه‌لاویمدا له یه‌کێک له کاناڵه‌کوردییه‌کان، به‌رنامه‌یه‌کی راسته‌وخۆ بڵاو ده‌کرایه‌وه که له‌ودا خانمێکی به‌ساڵاچوو و که‌مێک شه‌مزاو به ده‌نگێکی گڕ خه‌ریکی وتنی گۆرانی بوو. له باوکم، نه‌مر "یه‌دوڵڵا ره‌حمانی"م پرسی: " من ئه‌م خاتوونه ناناسم، کێیه؟ بۆچی له‌م به‌رنامه‌یه‌دا ئاوا له‌گه‌ڵی که‌وتوونه‌ته گفتوگۆ"؟

باوکم وه‌ڵامی دایه‌وه: "کچه‌که‌م ئه‌م خانمه فه‌تانه وه‌لیدییه. له گه‌نجیدا ده‌نگێکی زۆر خۆش و دڵنشینی هه‌بوو و زۆر زووش ناوبانگی ده‌رکرد. به‌ڵام سه‌ده‌مه‌خابن له‌و سه‌رده‌مه‌دا که له‌وپه‌ڕی هه‌ڵچوون و سه‌رکه‌وتندا بوو، به هۆی کێشه‌ی ده‌روونی و ره‌وانییه‌وه له ماڵه‌وه گۆشه‌گیر بوو و له پڕێکا له گۆڕه‌پانی هونه‌ر کشایه‌وه. له‌و کاته‌دا که گوێم ده‌دایه قسه‌کانی بابم، زیاتر له به‌رنامه‌که ورد ده‌بوومه‌وه و به کونجکۆڵییه‌وه درێژه‌م به دیتنی به‌رنامه‌که ده‌دا.

له بڕگه‌یه‌ک له به‌رنامه‌که، کۆپله‌یه‌ک له یه‌کێک له گۆرانییه‌کان که سه‌رده‌می گه‌نجی وتبووی، بڵاو کرایه‌وه

لای لای دڵم لای له باخی سینه
ئـــارام بنیشه، شادی بوینه

ئـــای ئه‌و ده‌نگه چه‌نده دڵنشین بوو! ئه‌و گۆرانییه و چاره‌نووسی فه‌تانه هزروبیری داگیرکردم. لای خۆم بیرم ده‌کرده‌وه که رۆژێ ئه‌م گۆرانییه به ده‌نگی خۆم ده‌خوێنم و ده‌شچمه دیداری فه‌تانه. سه‌ره‌نجام دوای ساڵانێک ده‌رفه‌تم بۆ هه‌ڵکه‌وت و توانیم ئه‌م کاره فره جوانه‌ی فه‌تانه به ده‌نگی خۆم سه‌ر له نوێ تۆمار بکه‌مه‌وه. به هێنانه‌گۆڕی ئه‌م بابه‌ته له‌گه‌ڵ به‌ڕێز شه‌هاب موته‌قی‌فه‌ڕ و پێشوازی ناوبراو له‌م کاره، بڕیاری دووباره تۆمارکردنه‌وه‌ی درا. هه‌ر له‌و کاته‌دا له سه‌ر پێشنیاری ناوبراو رێککه‌وتین که کاره‌که له‌باری موزیکه‌وه وه‌ک سه‌رده‌می فه‌تانه بمێنێته‌وه و تا بۆمان بلوێ وه‌فادار بین به ره‌سه‌نایه‌تی کاره‌که، به‌ڵام بۆ مووزیکی هاوده‌نگ له‌گه‌ڵ ده‌نگی من، دابه‌شی نوێی بۆ بکرێته‌وه.

هه‌ر له سه‌ره‌تای هه‌رمانه‌که‌وه ده‌رکه‌وت بەشێک له مێژووی نه‌نووسراوی ئه‌م به‌رهه‌مه که به‌رهه‌مهێنه‌رانی گۆرانییه‌که‌یه، دیار نییه. نه که‌س ئاوازدانه‌ری گۆرانییه‌که‌ی ده‌ناسی و نه که‌سیش ده‌یزانی شاعیری شێعری به‌رهه‌مه‌که کێیه؟ ئیتر ساڵی تۆمارکردن و بابه‌تی دیکه‌ش با له‌و لاوه بوه‌ستێ. ئه‌مه سڕ و رازێک بوو که ده‌بوو له سینگی فه‌تانه‌دا بۆی بگه‌ڕێی.

له سه‌ردانێکمدا بۆ شاری سنه و به‌نیازی دیدارنوێکردنه‌وه له‌گه‌ڵ بابه‌گه‌وره و دایه‌گه‌وره‌م، هه‌وڵم دا رێگایه‌ک بۆ زانینی بارودۆخی فه‌تانه‌خانم و دیدارێک له‌گه‌ڵ ناوبراو بدۆزمه‌وه. گوایه زۆر نییه که باوکی کۆچی دوایی کردووه(١) و بۆ خۆیشی له دۆخێکی باشدا نییه. به هاوکاری خاتوو سیمین چایچی توانیم له‌گه‌ڵ که‌سێک پێوه‌ندی بگرم که ئاگاداری ژیانی فه‌تانه و شێوه‌ی دیدار له‌گه‌ڵ ناوبراو بوو. دوای پێوه‌ندییه‌کی ته‌له‌فۆنی له‌گه‌ڵ ئه‌و که‌سه، سه‌ره‌تا له شێوه‌ی هه‌ڵسوکه‌وتی خه‌ڵک به‌رامبه‌ر به هونه‌رمه‌ندان قسه‌ی کرد و زۆر به گله‌یی، دڵگران و ناڕه‌حه‌ت بوو. پێی وابوو، منیش وه‌ک خه‌ڵکی دیکه ته‌نیا مه‌به‌ستم وه‌رگرتنی چه‌ند وێنه‌ی یادگاری له‌گه‌ڵ فه‌تانه‌یه، بۆیه له یه‌که‌م پێوه‌ندیمدا، هیچ پێشوازییه‌کی له دیداره‌که نه‌کرد؛ به‌ڵام دوای ناساندنی خۆم و مه‌به‌ست و ئامانجی دیداره‌که، سه‌ره‌نجام ملی دا له رێکه‌وتێکی دیاریکراودا هاوڕێ له‌گه‌ڵ بنه‌ماڵه‌ی خۆیاندا بچینه دیداری فه‌تانه. رۆژی دواتر وێڕای بنه‌ماڵه‌ی به‌ڕێز یه‌حیا سه‌مه‌دی، له شوێنێکی دوور و ته‌ریک‌که‌وتوو چووینه دیداری. له‌و شوێنه که بۆ بیمارانی به‌شی خه‌مۆکی و ده‌روونی ته‌رخان کرابوو، فه‌تانه‌ش له سه‌ر ئه‌رکی به‌ڕێز سه‌مه‌دی و خوشکه‌کانی ناوبراو سه‌رارۆیی ده‌کرا. کاتی پێ دانان له سه‌ر پێ پله‌کانه‌کان و وه‌سه‌رکه‌وتنم له پله‌کان به‌ره‌و سه‌ر، هه‌ر ئه‌و خانمه به‌ساڵاچوو و ژاکاوه‌م دید که له تازه‌لاویمدا دیتبووم. ئه‌ژنۆی له باوه‌ش گرتبوو و له سووچێکی ژووره‌که‌دا دانیشتبوو و سیگاری ده‌کێشا. بارودۆخێکی خه‌مناک و قورس ده‌وره‌یان دابووم. به ته‌واویی دۆشدامابووم، نه‌مده‌زانی چ بڵێم؟ دوای ساتێک بێده‌نگی، چوومه پێشه‌وه و به قوڕگێکی گریاناوی وتم: فه‌تانه‌گیان سڵاو...

تۆزێک له په‌ناده‌ستی دانیشتین. که سیگاره‌که‌ی ته‌واو بوو، به نیازی چوونه ژووره‌وه هه‌ستا. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی هه‌وڵم ده‌دا زاڵ بم به سه‌ر هه‌ڵسوکه‌وته‌کانمدا، به‌ڵام به راده‌یه‌ک تووشی هه‌ژان ببووم نه‌مده‌توانی بکه‌ومه دوای. له پشتی سه‌رییه‌وه که ته‌فرنجم ده‌دا، یادگاری لاوی و ده‌نگ و هونه‌ره‌که‌ی به‌رده‌وام ده‌هاته‌وه بیرم. ئاخره‌که‌ی هێزم وه‌به‌رخۆ دا و خۆم کۆکرده‌وه و چوومه ژووره‌که‌ی و له په‌ناده‌ستیدا دانیشتم. ته‌فرنجێکی دام و به شێوازێکی مندالانه به‌ڵام به ده‌نگێکی ماندوو و گڕ رووی تێکردم و وتی:

- چه‌نده جوانی، له خودا به زیاد بێ.

منیش له وه‌ڵامدا وتم:

- چاوه‌کانت جوان ده‌بینن. دیارییه‌کانم کرده‌وه و پیشانم دا. زۆر گه‌شایه‌وه. ده‌تگوت: ناخیی منداڵی فه‌تانه له قاپیلکێکی ماندوو و پووترکاودا دیله و ده‌رفه‌تی فڕینی نییه.

رێزدار سه‌مه‌دی پرسی:

- ده‌ته‌وێ شتێک بۆ فه‌تانه بچڕی؟

وتم: به‌ڵێ و به ئه‌سپایی ده‌ستم کرد به وتنه‌وه‌ی گۆرانییه به‌ناوبانگه‌که‌ی:

لای لای دڵم لای له باخی سینه
ئـــارام بنیشه، شادی بوینه

به بیستنی ده‌نگی من، سه‌ری به‌رز کرده‌وه و به بزه‌یه‌کی شیرین و له‌گه‌ڵ به‌رقێک که له نێو چاوه‌کانیدا ده‌بریسکایه‌وه، سه‌یری منی ده‌کرد و له سه‌ره‌تای دێڕی "تۆ بۆچی ریسوا بی؟ مه‌جنوونی شه‌یدا بی؟"، ده‌ستی کرد به هاوده‌نگی له‌گه‌ڵ من. به راستی هه‌ستێکی زۆر سه‌رنجراکێش بوو. ده‌تگوت خه‌ریکم له‌گه‌ڵ به‌شێک له رووداوه مێژوویی و ئه‌فسانه‌ییه‌کاندا تێکه‌ڵ ده‌بم. دوای خوێندنی چه‌ند کۆپله له گۆرانییه‌که، پرسیم:

- فه‌تانه گیان، ده‌زانی ئه‌م گۆرانییه هیی کێیه؟

وتی: به‌ڵێ، هیی خۆمه.

پرسیم: شیعره‌که‌ی؟

وتی: عه‌باس که‌مه‌ندی(٢).

دیسان سه‌باره‌ت به ئاهه‌نگه‌که و ئاوازدانه‌ره‌که‌ی پرسیم: ئه‌زانی کێ ئه‌و ئاوازه‌ی داناوه؟

وتی: حه‌سه‌ن کامکار(٣).

چ وه‌ڵامێک له‌وه زیاتر ده‌یتوانی پڕ به پێستی ئه‌و پرسیارانه بێ که ساڵانێکه بێ وه‌ڵام ماونه‌ته‌وه؟ له ژێری لێوه‌وه دیسان چه‌ند به‌یتێکمان پێکه‌وه وته‌وه که وه‌ک جاری پێشوو له هه‌مان شوێنی گۆرانییه‌که‌دا ده‌ستی پێکرده‌وه و له گه‌ڵمدا خوێندی. پاشان رووم کرده فه‌تانه و وتم: ئه‌م گۆرانییه تۆ وتووته، رێگه‌م ده‌ده‌ی منیش دووباره بیڵێمه‌وه؟

وتی: به‌ڵێ، به‌ڵێ. بێگومان تۆ له من باشتر ده‌یخوێنیته‌وه. له‌وه‌ڵامدا وتم: "تۆ گه‌وره‌یی ده‌نوێنی. دوای ئه‌وه‌ی تۆمارم کرد، نموونه‌یه‌کت بۆ دێنم".

وتی: "بێژه به به‌ڕێز سه‌مه‌دی له رووی کاسێت بۆم تۆمار کا و بۆم بێنێ". وادیار بوو ئه‌و نه‌یده‌زانی که ساڵانێکه ئیتر مووزیک له سه‌ر کاسێت تۆمار ناکرێ و له ماڵاندا کاسێت په‌یدا نابێ! به‌ڵێ، به راستی بیری مرۆڤ ده‌توانێ خێراتر له کات و شوێن له جووڵه‌دا بێ و به‌وه‌ی بیری لێده‌کاته‌وه، بگا. ئه‌مه بوو به‌سه‌رهاتی ئه‌و به‌رهه‌مه که دواتر ده‌یبیستن و گوێی لێده‌گرن. هیوادارم ئێمه‌ش رۆژێ بگه‌ینه ئه‌و ئاسته که به کرده‌وه نرخی سامانه نه‌ته‌وه‌ییه‌کانی خۆمان بزانین.

(٢)

له درێژه‌ی نووسراوه‌ی یه‌که‌ممدا بۆ دۆزینه‌وه‌ی به‌شه ناڕوونه‌کانی گۆرانی "دڵی زار" ده‌ستم به کۆمه‌ڵێک زانیاری نوێ گه‌یشت که هه‌م گرینگ بوو، هه‌م شیاوی بڵاوکردنه‌وه؛ که لێره‌دا ده‌مهه‌وێ خوێنه‌رانی لێ بێبه‌ش نه‌که‌م:

دوای تۆمارکردنی ئاهه‌نگی "دڵی زار"، به‌ڕێز زانیار حوسه‌ینی که بۆ خۆی پسپۆڕ و رۆژنامه‌نووسی ئه‌و بواره‌یه، پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ گرتم و کۆمه‌ڵێک به‌ڵگه‌ی بۆ ناردم که پیشان ده‌دا کێ بوون ئه‌و که‌سانه‌ی له به‌رهه‌مهێنانی ئه‌م کاره‌ی فه‌تانه‌دا رۆڵیان هه‌بووه. به‌ڵگه‌کان ئه‌وه‌نده به‌هێز بوون که ئیتر جێی هیچ شک و گومانێکیان بۆ ناسینی به‌رهه‌مهێنه‌رانی به‌رهه‌مه‌که نه‌ده‌هێشته‌وه.

له‌و به‌ڵگه‌نامه‌یه‌دا هاتووه که ناوی گۆرانییه‌که "لای لای"یه. منیش له‌گه‌ڵ سه‌لماندنی ناوی ئه‌سڵی گۆرانییه‌که، رامگه‌یاند: چوونکه کاره‌که‌ی من بۆ رێزگرتن له فه‌تانه‌یه و دووباره‌کراوه‌یه، ئه‌و مافه به خۆم ده‌ده‌م که ناوی "دڵی زار"ی له سه‌ر دابنێم. ئه‌م ناوه‌ش به شێوه‌یه‌ک پیشانده‌ری ژیانی ئێستای هونه‌رمه‌ند فه‌تانه‌یه.

له به‌ڵگه‌نامه‌که‌دا جگه له ناوی گۆرانییه‌که، دابه‌شکاری مووزیکی به‌رهه‌مه‌که هاتووه که ناوی "گریشا میکائیلی زاده"یه(٤). له به‌ڵگه‌که‌دا ناوی ئاوازدانه‌ره‌که نه‌هاتووه که سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی فه‌تانه و که‌سانی دیکه به کاری مامۆستا حه‌سه‌ن کامکاری ده‌زانن، به‌ڵام دوور نییه گریشا خاوه‌نی ئه‌و ئاوازه بووبێ. دیاره ده‌بێ ئه‌وه‌ش بگوترێ که گریشا بۆ خۆی له قوتابیانی مامۆستا کامکار بووه.

هه‌روه‌ها وه‌ک له به‌ڵگه‌نامه‌که‌دا هاتووه: ئه‌م به‌رهه‌مه رۆژی شه‌ممه، ١٤ی به‌فرانباری١٣٥٣ی هـ (١٩٧٥/١/٤) تۆمار کراوه. هه‌ڵبه‌ستی گۆرانییه‌که‌ش هیی مامۆستای کۆچکردوو "عه‌باس که‌مه‌ندی"یه.

له‌گه‌ڵ رێز و سپاس
چیمه‌ن ره‌حمانی

١. محه‌ممه‌دشه‌ریف وه‌لیدی، باوکی فه‌تانه هه‌م ژه‌نیاری ڤیۆلۆن بوو و هه‌م ده‌نگبێژێکی سه‌رده‌می خۆی بوو. هه‌ر ئه‌ویش بوو فه‌تانه‌ی گه‌یانده ئه‌و پله‌یه له هونه‌ری کوردی. به‌داخه‌وه له رێکه‌وتی ٢ی خه‌رمانانی١٣٩٥ی هـ (٢٠١٧/٨/٢٤) له نه‌خۆشخانه‌ی ته‌وحیدی شاری سنه کۆچی دوایی کرد. فه‌تانه وه‌لیدی، له ساڵی ١٣٣٢ی هـ (١٩٥٤) له دایک بووه. خاوه‌نی ده‌یان گۆرانی کوردییه که لای لای یان به ناوی ئێستای "دڵی زار" یه‌کێک له‌و کارانه‌یه. ئێستا له‌گه‌ڵ برایه‌کیدا له نه‌خۆشخانه‌ی به‌شی نه‌خۆشه ده‌روونییه‌کان ژیانی پڕ له ژان به‌سه‌ر ده‌با.

٢. عه‌باس که‌مه‌ندی له‌دایکبووی ١٣٣١ی هـ (١٩٥٢)ی شاری سنه‌یه. ئه‌م مرۆڤه به‌هره‌مه‌نده خاوه‌نی چه‌ندین هونه‌ری وه‌ک گۆرانیبێژ، ئاوازدانه‌ر، شاعیر، نووسه‌ر، شانۆکار و ده‌رهێنه‌ری فیلمی شانۆ و وێنه‌کێش بووه. خاوه‌نی سه‌دان به‌رهه‌می گۆرانی و هه‌ڵبه‌ست و شانۆنامه و وێنه و تابلۆی ره‌نگاوڕه‌نگه. دوای ساڵانێک تێکۆشان، له ته‌مه‌نی ٦٢ ساڵیدا واته له جۆزه‌ردانی١٣٩٣ی هـ (مارسی ٢٠١٤) کۆچی دوایی کرد.

٣. حه‌سه‌ن کامکار، باوکی کامکاره‌کان ساڵی١٣٠٢ی هـ (١٩٢٣) له شاری سنه له‌دایک بووه. له ژیانی هونه‌ری خۆیدا توانیویه‌تی وێڕای به‌رهه‌مهێنانی ٤٠٠ به‌سته‌ی گۆرانی و گردوکۆی ده‌یان به‌رهه‌می فۆلکلۆری کوردی، هونه‌رستانی مووزیکی کوردستان و چوار تیپی مووزیک دامه‌زرێنێ که تیپی خانمان و تیپی منداڵان دوو له‌و چوار تیپه بوون. هه‌وڵ و ماندووبوونی مامۆستا کامکار وای له شاری سنه و ده‌وروبه‌ر کرد که هونه‌ری گۆرانی و مووزیک بکه‌ن به به‌شێک له پێویستیی ژیان و به چاوی رێزه‌وه سه‌یری بکه‌ن. جگه له‌و کارانه‌ی سه‌ره‌وه، له‌ژێر چاوه‌دێری ئه‌ودا بوو که تیپی کامکاره‌کان پێگه‌یشتن و باڵایان کرد. ساڵی ١٣٧١ی هـ (١٩٩٢) ماڵاوایی له ژیان کرد.

٤. گریشا میکایلی‌زاده، خه‌ڵکی تاجیکستانه و ساڵی ١٣٠٨ی هـ (١٩٢٩) له شاری دووشه‌ممه، پێته‌ختی ئه‌و وڵاته له دایک بووه. بنه‌ماڵه‌ی ناوبراو ساڵی ١٣١٤ی هـ (١٩٣٥) هاتوونه‌ته ئێران و له شاری کرماشان و دواتر له سنه گیرساونه‌ته‌وه. وه‌ک قوتابی مامۆستا کامکار بووه به ژه‌نیاری ئامێری ڤیۆلۆن و ده‌یان کاری جوانی له بواری مووزیک و گۆرانیدا له دوای خۆی به‌جێ هێشتووه. له ته‌مه‌نی ٧٠ ساڵیدا واته له سه‌ره‌تای به‌هاری ١٣٧٨ی هـ (١٩٩٩) کۆچی دوایی کردووه.

**وه‌رگێڕ و گردوکۆی ئه‌م بابه‌ته بۆ سه‌ر زمانی کوردی**
**قادرئه‌لیاسی**



KURDISTAN
Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:749 5 May 2019

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەر دیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی بانەمەڕی ساڵی ٩٨ی هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە بریتییە لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران دەکات، لە خۆ دەگرێت.**





## هێمایەک لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا:

### دەسبەسەر کردن، زیندانی، بانگهێشت، بڕینەوەی حوکم و نارِوونی چارەنووسی هاووڵاتییان

ڕۆژی شەممە ٣١ی خاکەلێوە، چوار زیندانیی کورد بە ناوەکانی "ئەنوەر خزری کوڕی محەممەد، قاسم ئابستە کوڕی مستەفا، داوود عەبدوڵاهی کوڕی مەحموود و ئەیووب کەریمی عەمەر" بۆ زیندانی ناوەندیی شاری مەهاباد ڕاگوێزراون.

دووشەممە ٢ی بانەمەڕ، ئومید ئەسەدی کوڕی حوسێن خەڵکی شاری کامیاران، لە لایەن لقی دووی دادسەرای گشتیی و ئینقلابی ئەو شارەوە، حوکمی دەسبەسەر کرانی درا.

هێزە ئەمنییەتییەکان بە هێرش کردنە سەر ماڵی چەند هاووڵاتییەک لە شاری کامیاران، سێ کەسیان دەسبەسەر کرد و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواست.

هەواڵنێری کوردپا شوناسی دوو کەس لەو سێ کەسەی بە ناوەکانی "خالید زەمانی و مێهدی قوبادی" خەڵکی شاری کامیاران، ڕاگەیاندووە.

"نەجەف مێهدیپوور" خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری دوو حەوتوونامەی هەڵپەسێردراوی "باختر زمین"،کە بە تۆمەتی "پڕوپاگەندە دژی نیزام و بێڕێزیکردن بە ڕێبەری حکوومەت" بە یەکساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرابوو، ئەم حوکمە لە لایەن لقی ٥ی دادگای پێداچوونەوەی شاری ئیلام، پشتڕاست کرایەوە.

چوارشەممە ٤ی خاکەلێوە، سێ کەس لە ئەندامانی بنەماڵەیەک لە گوندی "ڕێکاوێ"ی شاری پیرانشار، لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی شاری ورمێ، دەسبەسەر کران.

شوناسی ئەو سێ هاووڵاتییە کوردە بە ناوەکانی "ڕەحمان قاسمی" باوک، "داوود و شۆڕش قاسمی" کوڕی ڕەحمان ڕاگەیەندراوە.

چالاکێکی کرێکاری بە ناوی "تۆفیق محەممەدی" پاش ٤٥ ڕۆژ لە دەسبەسەرکرانی لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە، بۆ زیندانی ناوەندیی ئەو شارە، ڕاگوێزرا.

ئەندامێکی پێشووی یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپوزسیونی حکوومەتی ئێران بە ناوی "پوویا ڕەسووڵی" تەمەن ٢٥ ساڵ کوڕی عیزەت، پاش خۆڕادەست کردنەوەی بۆ ئێران چارەنووسی ناڕوونە.

ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی خاکەلێوە، هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی لە پێتەختی ئێران، لە شاری تاران، چالاکێکی مەدەنی کوردیان بە ناوی "مۆژگان (مایا) کشاوەرز"، دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواست.

لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانی کرێکاران، یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی کرێکارانی بیناسازی شارەکانی مەریوان و سەوڵاوا،بە ناوی "میکائیل سدیقی" لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەوە، بانگهێشت و لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا.

موختار زارعی چالاکی مەدەنی کورد خەڵکی شاری سنە، لە تێلێگرامی شەخسی خۆیدا، ڕایگەیاندووە: "ڕۆژی ٧ی بانەمەڕی ٩٨، لە کاتی ئامادەبوونم لە دادگا، پێیان ڕاگەیاندم ،تەنیا مافی خوێندنەوەی بڕیارەکە و ڕوونوس کردنت هەیە و کورتکراوەکەی ئەو بڕیارە بەچەشنەیە: دوو ساڵ زیندانی تەعزیری بە تاوانی بێڕێزی بە ڕێبەر و هەروەها ساڵێک زیندانی تەعزیری بە تۆمەتی "پڕوپاگەندە دژی نیزام" بەڵگەکانی بڕیاری دادگا هەمان نامە ڕەخنەئامێزە بە ڕێبەری بووە کە ساڵی ڕابردوو لە لاپەڕی ئینیستاگرام بڵاوم کردبووە".

ڕۆژی دووشەممە ٢ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی "سارا زەحمەتکێش" تەمەن ٢٤ ساڵ خەڵکی گوندی "تین" سەر بە بەخشی باینگان، دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.

ڕۆژی یەکشەممە ٨ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "ژیان میری" خەڵکی گوندی تەنگیسەر" سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی شاری سنە، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە و لێپرسینەوەی لێکرا.

ڕۆژی یەکشەممە ٨ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "ئارمان نەسیری" تەمەن ٣٧ ساڵ کوڕی عوسمان خەڵکی گوندی "میرئاوا"ی شاری بۆکان، لە ماڵی باوکی لە لایەن مەئموورانی ئیتلاعاتی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری بۆکان، دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی سێشەممە ١٠ی بانەمەڕ، لقی دووی دادگای ئینقلابی شاری کرماشان، هاووڵاتییەکی خەڵکی ئەو شارە بە ناوی "دانیال داراب خانی" بە ساڵێک زیندانی تەعزیری مەحکووم کرد.

ڕۆژی دووشەممە ٩ی بانەمەڕ، پەروانە حوسێنپەناهی، خوشکی ڕامین حوسێنپەناهی بە تۆمەتی "پڕوپاگەندە دژی نیزام" بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە و لێپرسینەوەی لێکرا.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ١١ی بانەمەڕ، چالاکێکی کرێکاریی کورد بە ناوی "ئیسحاق ڕۆحی" خەڵکی شاری سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی چوارشەممە، ١١ی بانەمەڕ، چالاکێکی کرێکاری بە ناوی "سامان قادرنژاد"، لە شوێنی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانیی کرێکار لە سنەدا لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتیی حکوومەتەوە دەسبەسەر و پاشان ڕۆژی پێنجشەممە، ١٢ی بانەمەڕ، ئازادیان کرد.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:

لە ئەنجامی ڕاوەدوونانی کاسبکارانی کورد، لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە، کاسبکارێکی خەڵکی سەقز لە جادەی بیجاڕ_زەنجان، گیانی لە دەست دا.شوناسی ئەو کاسبکارە کوردە بە ناوی "ئەفشین لوتفی" کوڕی خەلیل خەڵکی شاری سەقز، ڕاگەیەندراوە.

کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "شەمسەدین حاجیزادە" کوڕی عوبید خەڵکی ناوچەی سۆماوبرادۆستی شاری ورمێ، بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی پێکرا.

ڕۆژی شەممە ٣١ی خاکەلێوە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "فەردین ئەحمەدی" خەڵکی شاری بانە، لە بەرزاییەکانی ئەو شارە، بەربووەتەوە بە سەختی بریندار بووە.

هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، لە شوێنێک بە ناوی "پردە ڕووخاو" تەقەیان لە کۆڵبەرانی شاری سەردەشت کرد کە لە ئاکامدا، کۆڵبەرێک گیانی لە دەست داوە.

شوناسی ئەو کۆڵبەرە کوردە بە ناوی "تاهێر دارنگ" تەمەن ٣٥ ساڵ خێزاندار و کوڕی عەبدوڵلا خەڵکی گوندی "سنجوێی" شاری سەردەشت ڕاگەیەندراوە.

ڕۆژی هەینی ٦ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "حامید ئەسلان"، تەمەن ٣٢ ساڵ، خێزاندار و خەڵکی گوندی "بێران"ی شاری سەردەشت، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی پێکرا.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ٧ی بانەمەڕ، کچێکی لاو خەڵکی شاری سەقز بە ناوی "حەیات مووسازادە" بە تەقەی هێزە نیزامییەکان بە سەختی پێکرا.

ڕۆژی چوارشەممە ١١ی بانەمەڕ، دوو کاسبکاری کورد، خەڵکی گەڕەکی "ئەمیرئاباد"ی شاری شنۆ بە ناوەکانی "نێعمەت سەعادت" و "ڕەئووف خالیدنژاد"، لە ماشینەکەی خۆیاندا کرانە ئامانجی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی و پاش وەرگەڕانی ماشینەکەیان، دەسبەجێ گیانیان لە دەست داوە.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە، ١٤ی بانەمەڕ، گرووپێک لە کۆڵبەران لە سنووری نەوسوودا، کەوتنە کەمینی نیزامییانی حکوومەتی ئێران و تەقەیان لێ کرا و لە ئاکامدا کۆڵبەرێکی خەڵکی گوندی "بێوەن"ـەی ناوچەی کڵاشیی جوانڕۆ، بە ناوی "سادق عەزیزی"، گیانی لەدەست دا.

بەرەبەری بەیانیی ڕۆژی شەممە، ١٤ بانەمەڕ، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە شاخی "شناتاڵ"، سەر بە شاری سەڵماس، کرانە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت و لە ئاکامی تەقەی هێزە نیزامییەکان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "ڕەزگین محەممەدی"، تەمەن ٢٤ ساڵ، کوڕی عەبدولکەریم، بریندار بوو.

### خۆکوژی و خۆسووتاندنی ژنان:

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "دڵنیا ڕەحمانی" کچی جەماڵ خەڵکی گوندی "دەرەهەن"ی شاری دیواندەرە و دانیستووی شاری مەریوان، بە هۆی کێشەی بنەماڵەیی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

لەلایەکی دیکەوە، ژنێکی کورد خەڵکی شاری سەردەشت بە ناوی "م،بریاجی" تەمەن ٣١ ساڵ ، بە هۆکاری نادیار کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

کچێکی لاو تەمەن ١٨ ساڵ خەڵکی شاری مەهاباد، هەوڵی خۆکوژی دا، بەڵام هەوڵەکەی بێئاکام بوو.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "ئەسعەد جەوانمەردی" کوڕی ئەحمەد تەمەن ٥٠ ساڵ خەڵکی گوندی "کەڕەونان" سەر بە شاری دێولان، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

کچێکی مێرمنداڵی تەمەن ١٦ ساڵ، بە ناوی "شەکیلا کەریمیان". خەڵکی ژاوەرۆی سنە و دانیشتووی گەڕەکی حەسەنئاوای ئەو شارە، بە هۆی بێپەنایی، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

هەروەها، لاوێکی تەمەن ٣١ ساڵ خەڵکی شاری بۆکان، لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

شوناسی ئەو لاوە کوردە، ناڕوونە و بە هۆی کێشەی بنەماڵەیی دەستی داوەتە خۆکوژی.

ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی بانەمەڕ، لاوێکی کورد بە ناوی "میکائیل ئیسماعیلی" کوڕی محەممەد خەڵکی شاری بۆکان، لە ماڵەکەی خۆیاندا، لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٦ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "فەرەیدوون ئەفسایی" تەمەن ٤٤ ساڵ دانیشتووی وڵاتی فینلاند و خەڵکی شاری کامیاران لە یەکێک لە هۆتێلەکانی شاری ڕانیە لە هەرێمی کوردستان کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی یەکشەممە ٨ی بانەمەڕ، کچێکی مێرمنداڵ بە ناوی "سارا کەریمی" تەمەن ١٦ ساڵ، خەڵکی شاری مەریوان، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ٨ی بانەمەڕ، ژنێکی قوروەیی تەمەن ٥٤ ساڵ بە دەستی مێردەکەی بە زەربی چەقۆ، کوژرا.

شوناسی ئەو ژنە بە ناوی "م.ک" و مێردەکەی "ع.م" تەمەن ٦٣ ساڵ، ڕاگەیەندراوە.

ڕۆژی چوارشەممە، ١١ی بانەمەڕ، کچێکی مەریوانی بە ناوی "زۆهرە کۆنەپۆشی" کچی مەحموود، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا.

ڕۆژی سێشەممە، ١٠ی بانەمەڕ، ژنێکی کوردی خەڵکی شاری سنە، بە ناوی "ئەسرین پیرایش"، لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. هۆکاری خۆهەڵواسینی ئەم ژنە کوردە ناڕوونە.

ئیوارەی ڕۆژی چوارشەممە، ١١ی بانەمەڕ، لاوێکی کورد بە ناوی " عوسمان ڕۆستەمی" ٢٤ ساڵ کوڕی سەعید و خەڵکی گوندی "بەرکوور" سەربە شاری سەلاسی باوەجانی، لە ڕێگەی خۆکوژییەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هینا.

### گیان لە دەستدان و برینداربوونی کرێکاران:

ڕۆژی شەممە ٣١ی خاکەلێوە، کرێکارێکی کورد بە ناوی "زاهید دەرخۆش" کوڕی ڕەسووڵ، بە هۆی بەربوونەوە، لە بینایەکی نیوەکار لە شاری بۆکان،گیانی لە دەست دا.

### ئێعدام کردنی هاووڵاتییانی کورد:

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ی خاکەلێوە، بەرپرسانی زیندانی ناوەندیی شاری کرماشان، حوکمی لە سێدارەدانی زیندانییەکی کوردیان بە تۆمەتی "کوشتنی بە ئەنقەست" لە زیندانی ئەو شارە جێبەجێ کرد.

شوناسی ئەو هاووڵاتییە کوردە بە ناوی "جەعفەر حوسینی" خەڵکی شاری هەرسین و دانیشتووی شاری کرماشان ڕاگەیاندووە.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران لە هەواڵێکدا، بڵاوی کردبووە، کە بەپێی زانیارییە دەسکەوتووەکان، لە مانگی بەفرانباری ساڵی ڕابردوو، لانیکەم دوو زیندانیی لە زیندانی ناوەندیی شاری ئیلام بە تۆمەتی "کوشتنی بە ئەنقەست" لە سێدارە دراون و هەروەها هێندێک لە سەرچاوەکان ڕایانگەیاندووە کە یەکێک لە سێدارەدراوەکان، لە کاتی دەسبەسەریدا، تەمەنی لە ژێر ١٨ ساڵ بووە. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران، شوناسی ئەو دوو زیندانییەی بە ناوەکانی "مەسعوود نازری" کوڕی فازڵ کە لە تەمەن ١٩ ساڵێدا و بە هۆی شەڕ کردنی تووشی قەتل ببوو و لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا، حوکمی لە سێدارەدانی جێبەجێ کراوە و هەروەها "فەرهاد ئەکبەری" کوڕی حەیدەر لە کاتێکدا کە تەمەن ١٥ ساڵ و ٩ مانگ بووە، بە هۆی شەڕ کردن تووشی قەتڵ ببوو، ڕاگەیەندراوە.

کاتژمێر ٥ سەرلەبەیانی ڕۆژی ٨ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "ئەحمەد ئێرانی" کوڕی سەعید خەڵکی شاری مەریوان، لە زیندانی ناوەندیی شاری سنە، لە سێدارەدرا.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە، ٧ی بانەمەڕ، حوکمی لە سێدارەدانی هاووڵاتییەکیان، بە تۆمەتی "کوشتنی بە ئەنقەست"، لەو زیندانەدا جێبەجێ کرد.شوناسی ئەو هاووڵاتییە بە شۆرەتی "ئیبراهیمی"، تەمەن ٢١ ساڵ، ڕاگەیاندراوە.ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران، لەو بارەیەوە بڵاوی کردەوە کە ئەگەری هەیە ڕۆژی شەممە، ٧ی بانەمەڕ، لە زیندانی دیزلئاوای شاری کرماشاندا، زیاتر لە زیندانییەکیان لە سێدارە دابێت.